# هەڵوێست و سیاسەتی عوسمانییەکان بەرامبەر بە کێشەی ناوخۆیی عەشیرەتەکانی باشووری کوردستان (١٨٨٠ ـ ١٩٠٥ز).

ب. هـ. د. ابوبکر دێوانە حمد باڵەکی
بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان- فاکەڵتی پەروەردە- زانکۆی سۆران- هەرێمی کوردستان/ عیراق

د. صلاح احمد عثمان
بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان- فاکەڵتی پەروەردە- زانکۆی سۆران- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

بە درێژای ئەو ماوەیەی عوسمانییەکان لە کوردستان دەسەڵاتدار بوون، لەهەوڵدابوون، عەشیرەتەکانی کورد بێهێزبکەن و بۆ ئەستەنبولی ناوەندی دەسەڵاتیان ملکەچیان بکەن، بۆ ئەمەش جۆرەها سیاسەتیان بەکاردەهێنا، وەك دەستخستنە نێو ململانێی نێوان عەشیرەتەکان و پشتگیریکردنی عەشیرەتێك دژی ئەوەی تر، ئەمەش دەبووە هۆی زیاتر قوڵبوونەوەی ناکۆکی نێوان عەشیرەتەکان و تەشەنەکردنی شەڕەکانیان، لە ئەنجامدا ڕەوشی سیاسی و ئەمنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم عەشیرەتانە ئالۆزی بەخۆیەوە دەبینی و وێرانبوونی ژێرخانی ئابووری و تێکچوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی بەدووایخۆیدا دەهێنا.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات تیشکێکی مێژوویی بخاتە سەر ڕۆڵی دەوڵەتی عوسمانی لە قوڵترکردنەوەی ناکۆکی و شەڕی نێوان عەشیرەتەکانی کورد، بەدیاریکراوی باشوری کوردستان بە ناونیشانی (هەڵوێست و سیاسەتی عوسمانییەکان بەرامبەر کێشەی ناوخۆیی عەشیرەتەکانی کوردستانی باشور ١٨٨٠ -١٩٠٥ز). لەم توێژینەوەیەدا هۆکارەکانی بوونی ناکۆکی لە نێوان عەشیرەتەکان دەخرێتەڕوو، لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە ئامانجی دەوڵەتی عوسمانی لە بەشداریکردنی ئەو ململانێیە و کاریگەری ئەو سیاسەتە لەسەر ڕەوشی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی کوردستانی باشور.

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام، لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بە ناونیشانی (هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی لە کێشەی نێوان عەشیرەتەکانی لیوای سلێمانی - کەرکوك) سێ تەوەر لەخۆدەگرێت، لە تەوەری یەکەمدا ئەم بابەتانە خراونەتە بەرباس: ١- ئامانجەکانی دوڵەتی عوسمانی لە دەستوەردانی ناکۆکی نێوخۆیی عەشیرەتە کوردییەکان. ٢- ناکۆکی نێوان زەنگەنە و هەمەوەند. ٣- ناکۆکی نێوان هەمەوەند و جاف. هەرچی تەوەری دووەمە ئەوا ئەم ناونیشانانە لەخۆدەگرێت ١- ململانێی نێوان بەرزنجییەکان و تاڵەبانییەکان. ٢- ناکۆکی نێوان هەمەوند وساداتی بەرزنجە. ناونیشانی بەشی دووەم بریتیە لە (سیاسەت و هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی لە کێشەی نێوخۆیی چەند عەشیرەتێکی ناوچەی بادینان) ئەمیش لە دوو تەوەر پێك دێت. تەوەری یەکەم ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت: ١- ململانێی نێوان شێخ محمدی بارزان و عەشیرەتەکانی دەوروبەری. ٢- ناکۆکی نێوان ئەترۆشی و عەشیرەتەکانی تری ناوچەکە. لە تەوەری دووەمیشدا تیشك خراوەتە سەر دەستوەردانی دەوڵەتی عوسمانی لە کێشەی نێوان چەند عەشیرەتەێکی تری بادینان لەوانە: ١- شەڕی نێوان دۆسکی و ڕێکانییەکان. ٢- شەڕی نێوان بەرواریيەکان و تەیارییەکان.

**پەیڤێن سەرەکی:** *کورد، عەشیرەت، عوسمانی، باشوری کوردستان. کەسایەتیەکان.*

---

**پێشەکی:**

ئاشکرایە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی کۆمەڵگەی کوردی لە خێڵ و عەشیرەت پێك دەهات، یەکێك لە کێشە هەرە دیارەکانی کارگێڕی دەوڵەتی عوسمانی، هەر لە سەدەی شازدەوە تا ڕووخانی چۆنیەتی مامەڵەکردن بووە لەگەڵ عەشیرەتە کوردەکان، لەم بارەیەوە عوسمانییەکان دووچاری کێشەی زۆر بوونەتەوە، بۆیە جەدەلی چۆنیەتی سیاسەتی ناوەند لەگەڵ عەشیرەتە کوردەکان، بۆتە ڕووبەرێکی فراوان بۆ لێکۆڵینەوەی میژوویی، خۆشبەختانە لەلایەن نووسەر و توێژەران زۆری لەسەر نووسراوە، ئەمەش لەو سۆنگەیەی پەیوەندی نێوان ئەو دوو لایەنە ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر بونیادی سیاسی - کۆمەلایەتی - ئابووری - فەرهەنگی کوردستان هەبووە. لەوماوەیەی کوردستان لەژێر دەسەلاتی عوسمانییەکاندا بووە، پەیوەندی ناوەند و عەشیرەتە کوردەکان ڕووداو و گۆڕانکاری زۆریان هێناوەتە کایەوە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەوەی دەسەلاتی کارگێڕی عوسمانی هەمیشە هەوڵیداوە عەشیرەتە کوردییەکان ملکەچ بکات و ناچاریان بکات بە یاسا و ڕێسای ناوەند گوێڕایەڵ بن، هەروەك سیاسەتی ئەو دەوڵەتە خۆی بینیوەتەوە لە ڕێگریگردن لە پێشکەوتنی هۆزەکان و فراوانبوونی

سـنوريان، ئەمانە و نانەوەی ئاژاوە و تێکدانی پەیوەندی عەشـیرەتەکان یەکێکی تر بوو لە سیاسـەتی دەوڵەتی عوسـمانی، چونکە لەوە تێگەیشـتبوون دروسـت بوونی یەکڕیزی و هەمانەگی لە نێوان عەشـیرەتە کوردەکان دەبێتە مەترسـی بۆ سـەر بەرژەوەندییەکانی، بۆیە لە پێناو مانەوەی دەسـەڵاتی خۆی و پاراسـتنی بەرژەوەندییە ئابووری و سـیاییەکانی، بەو پەڕی تواناوە تێدەکۆشـا بۆ ئەوەی بە لاوازی بمێنەوە، یەکێك لە ڕێگاکان بۆ هێشتنەوەیان بە لاوازی بریتی بوو لە دەستێوەردان لە ناکۆکی نێوخۆیی عەشیرەتەکان و چاندنی تۆی ڕق و قینە و گیانی تۆڵەسـەندنەوە. لە مەسـەلەی هەڵس و کەوت و سیاسـەتی دەوڵەتی عوسـمانی، بابەتی دەسـتوەردان لە کێشـەی نێوخۆیی عەشـیرەتەکانی باشوور، سـەرنجی ڕاکێشاین بۆ ئەوەی توێژنەوەیەکی لەبارەیەوە بنووسین بەناونیشانی ( هەڵوێسـت و سـیاسـەتی عوسـمانییەکان بەرامبەر کێشـەی ناوخۆیی عەشـیرەتەکانی باشووری کوردستان ١٨٨٠ - ١٩٠٥ز).

ئامانج لە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بریتیە لە دەرخستنی ڕاستیە مێژووییەکان بە گوێرەی توانا، سەبارەت بە ئامانجەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە دەستوەردان لە کێشەی نێوخۆیی عەشـیرەتەکان و ڕێگا و ئامرازەکان بۆ دەسـت خسـتنە نێو کێشـەکانیان، هەروەها لە پێناو هۆکارەکانی بوونی ململانێی لە نێوان عەشـیرەتە ناکۆکەکان و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی کوردی.

ئەم توێژنەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسـیارە بداتەوە ئایا فاکتەرە دەرەکی و ناوەکییەکان چین لە بوونی کێشـە لە نێوان عەشـیرەتەکان و هەبوونی ناکۆکی لە نێوان عەشـیرەتەکان چ دەرفەتێکی داوە بە دەوڵەتی عوسـمانی، تاوەکو ئامانجەکانی خۆی جێبەجێ بکات لە باشووری کوردستان.

لە نووسـینی ئەم توێژنەوەیە میتۆدی شـیکاری بەکارهاتووە، زانیاری و دەقە مێژووییەکانی نێو سەرچاوەکان شیکار کراون و پاشان لێکدانەوەیان بۆ کراوە.

ژمارەیەك سـەرچاوە بوونە هۆی داڕشـتنی ئەو ناونیشـانە و لە نووسـینی ئەم توێژنەوەیە پشـتیان پێ بەسـتراوە، لەوانە: (مامەلەی سـتراتیژییانەی هۆزی هەمەوەند لە قۆسـتنەوەی دەرفەتەکانی ململانێ سـنورییەکانی نێوان عوسـمانی و ئێرانی) ی (باربارا هێنینگ) و (دەوڵەتی عوسـمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە باشـووری کوردسـتان ١٨٦٩ - ١٩١٤)ی (خالد مەحمود کەریم).

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشـەکی و دەرئەنجام و پاشـکۆکان، لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بە ناونیشانی (هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی لە کێشەی نێوان

عەشـــیرەتەکانی لیوای ســـلێمانی - کەرکوك) ســـێ تەوەر لەخۆدەگرێت، لە تەوەری یەکەمـدا ئەم بـابەتـانە خراونەتە بەربـاس: ١- ئـامـانجەکـانی دوڵەتی عوســـمـانی لە دەستوەردانی ناکۆکی نێوخۆیی عەشیرەتە کوردییەکان. ٢- ناکۆکی نێوان زەنگەنە و هەمەوەنـد. ٣- نـاکۆکی نێوان هەمەوەنـد و جـاف. هەرچی تەوەری دووەمە ئەوا ئەم نـاونیشـــانـانە لەخۆدەگرێت ٤- ململانێی نێوان بەرزنجییەکـان و تـاڵەبـانییەکـان. ٥- ناکۆکی نێوان هەمەوند وساداتی بەرزنجە. ناونیشانی بەشی دووەم بریتیە لە (سیاسەت و هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی لە کێشەی نێوخۆیی چەند عەشیرەتێکی ناوچەی بادینان) ئەمیش لە دوو تەوەر پێك دێت. تەوەری یەکەم ئەم بـابەتـانە لەخۆدەگرێت: ١- ململانێی نێوان شـێخ محمدی بارزان و عەشـیرەتەکانی دەوروبەری. ٢- ناکۆکی نێوان ئەترۆشـی و عەشـیرەتەکانی تری ناوچەکە. لە تەوەری دووەمیشـدا تیشـك خراوەتە سـەر دەسـتوەردانی دەوڵەتی عوسمانی لە کێشەی نێوان چەند عەشیرەتەێکی تری بادینان لەوانە: ١- شەڕی نێوان دۆسکی و ڕێکانییەکان. ٢- شەڕی نێوان بەرواریيەکان و تەیارییەکان.

## بەشـی یەکەم: هەڵوێسـتی دەوڵەتی عوسـمانی لە کێشـەی نێوان عەشـیرەتەکانی لیوای سلێمانی ـ کەرکوك.

**تەوەری یەکەم:**

### ١- ئـامـانجەکـانی دەوڵەتی عوســـمـانی لە ملکەچکردنی عەشـــیرەتە کوردییەکان و دەستوەردانی ناکۆکی نێوخۆیی:

عوسـمـانییەکـان هەر لە سـەرەتـای سـەدەی شـازدەمەوە دەسـتیـان بە هەوڵەکـانیـان کرد، بۆ ئەوەی عەشـیرەتە کوردییەکـان بخەنە نـاو سـیسـتـەمی کـارگێڕی دەوڵەت، بەڵام ئەمە ئـاسـان نەبوو، لەبەرئەوەی پێکهـاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی سترەکتۆرێکی ئـاڵۆزی هەبوو، بە جۆرێـك لەگەڵ هیچ ڕژێمێکی بەڕێوەبەری و کـارگێڕی نەدەگونجـا، بۆیە دەوڵەتی عوســـمـانی دبووایە ســـیســـتەمێکی کـارگێڕی شـــیـاو لە کوردســـتـان پەیڕەوبکـات، چونکە کوردسـتـان بەگشـتی و باشـوور بە تایبەتی، بەسـەر سـەدان هۆز و عەشـیرەتی پەرش و بڵاو دابەش ببوو، وێڕای ئەمەش چەند هـاوپەیمـانیەتی هۆزەکی بەهێز و گەورە بوونیـان هەبوو، جگە لەوەش شـــوێنی نیشـــتەجێ بوونی هەندێك لەو هۆزانە ناوچەی سەخت و شـاخاوی و دوورە پەرێز بوو، دەوڵەت بە ئـاسـانی دەستی پێ نەدەگەیشت، یەکێك لە ڕێگـاکـانی بەســـتنەوەی عەشـــیرەتەکـان بە ڕژێمی کـارگێڕی دەوڵەت، لکـاندنی هۆز و تیرە لاواز و پەرش و بڵاوەکان بە هۆزێکی گەورە و کۆکردنەوەیان لە یەکەیەکی کـارگێڕی و بەسـتنەوەیان بە لیوا (سـنجـاق)ە نەریتیە عوسـمـانییەکـان، ( بۆ زانیاری دەربارەی لیوا ــ سەنجەق بڕوانە: مراد، ٢٠١٨، ٩٦ ــ ٩٧) بۆیە هەمیشە پێویستی بە

خێزانی دەسەڵاتدار و ئاغا و سەرۆك هۆزە گەورەكان هەبووە، بە تایبەتی ئەوانەی مەیلی ئیسلامیێتیان زۆرتر بوو (ئۆزئۆغلۆ، ٢٠١٨، ل١٠٧ ـ ١١٤).

باشووری كوردستان وەك ناوچەیەكی جوگرافی گرنگ، لە قوڵایی ستراتیژیەتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك، لەوانە: بەشێكی باشووری كوردستان هاوسنور بووە، لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانی (سەفەوی تا قاجاری) نەیاری دەوڵەتی عوسمانی، ئەم سنورە لە ویلایەتی موسڵ دەستی پێدەكرد، تا بەشی باكووری چیاكانی زاگرۆس، هەروەها لە ڕوویی ئابوورییەوە بایەخێكی زۆری هەبووە، چونكە یەكێك لەڕێگە سەرەكیەكانی نێوان ئەنادۆڵ و ئێران بە باشووری كوردستاندا تێدەپەڕی، بۆیە دەبینین بازرگانەكان لە ئێرانەوە بەرە و خاكی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بەپێچەوانەشەوە هاتووچۆیان بە خاكی باشووری كوردستان دەكرد(هێنینگ، ٢٠١٦، ل١٧) ئەمە جگە لە بوونی دەیان ڕێگەی تری بازرگانی و خاكێكی بەرفراوان بۆ كشتوكاڵ و ئاژەڵداری، ئەوا بۆ كۆكردنەوەی باج و سەرانە خێرێكی زۆری بۆ دەوڵەتی عوسمانی هەبوو، تەنانەت بەهۆی زۆری باج، هەندێك لە هۆزو و عەشیرەتەكان هەوڵیانداوە خۆیان لە حكومەت دووربخەنەوە و كۆچیان كردووە بۆ ناوچە سەخت و دوورە پەرێزەكان (علیاوەیی، ٢٠٠٤، ل٥) هەروەها لە ڕوویی ئاینییەوە بەشێكی زۆری زیارەتكارانی شیعە لە ئێرانەوە بۆ شارەكانی نەجەف، كەربەلا، كازمیە بە باشووری كوردستا هاتووچۆیان دەكرد (هێنینگ، ٢٠١٦، ل١٧) لەم بارەیەوە شاری خانەقین بە یەكێك لە ڕێگا سەرەكییەكان دادەندرا. لەبەرئەوە ئەو جوگرافییایە گرنگی سیاسی و سەربازی و ئابووری و ئایینی زۆری بۆ عوسمانییەكان هەبوو.

ئامانجێكی تری سەرەكی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێكخستنی عەشیرەتە كوردییەكان بریتی بووە لە ملكەچكردنیان، تاوەكو بۆ خزمەتی سەربازی بەكاریان بێنێت و سوودیان لێوەربگرێت لە جەنگە دەرەكییەكانی، لەلایەكی تر بۆ ئەوەی ئەو هۆزانە لەگەمەی ناوخۆیی بەكاربێنێت دژی نەیارەكانی، بە تایبەتی بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی عەشیرەتە گەورەكانی وەك هەمەوەند (هێنینگ، ٢٠١٦، ل٧ - ٨) لە میانەی بزوتنەوەی چاكسازی دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدە، بە تایبەتی لە سەردەمی سوڵتان (محمودی دووەم ١٨٠٨ ـــ ١٨٣٩ز) و بە دوواوە، هەوڵدراوە ناوچە سنوورییەكانی عوسمانی/ ئێرانی كۆنترۆل بكرێن، ئەمەش لەبەر هۆكاری سیاسیی و ئابووری، بەتایبەتی دوای لەدەستدانی بەشێكی خاكی ئیمپراتۆریەت لە (بەڵكان - بەلقان) بۆیە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (عەبدولحەمیدی دووەم ١٨٧٦-١٩٠٩) ڕژێمی بە مەركەزیكردنی ناوچەكانی سنورییەكانی عوسمانی - ئێرانی دەستیپێكرد، ئەمەش بۆ زیاتر

فراوانکردنی سنوری دەوڵەت، بە تایبەتی لە دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدە. ئەمەو گەیشتنی حکومەت بە ناوچە سنورییەکان، وادەکات دامودەزگاکانی دەوڵەت ئاسانتر دەستیان بەو شوێنانە ڕابگات و بە ئارەزووی خۆیان دۆخی کارگێڕی ناوچەکە دابڕێژنەوە، بۆ ئەوەی عەشیرەتەکانیش وەك هاوڵاتی و هاونیشتمانی ناو ئیمراتۆریەکە، سەرژمێری بکرێن و ڕێژەی و باج و سەرانەیان دیاریبکرێت و سەربازگیریشیان لەناو ئەنجام بدرێت بۆ سوپای عوسمانی (هێنینگ، ٢٠١٦، ل١٤ ـ ١٩).

یەکێك لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە دەستوەردان لە کێشەو ناکۆکی نێوەخۆیی عەشیرەتە کوردییەکان، بریتی بووە لە تێکدانی هاوپەیمانییەتی نێوەخۆیی عەشیرەتە گەورەکان، چونکە بوونی هاوپەیمانیەتی گەورە لە نێوانیان مەترسیەکی گەورە بووە لەسەر هەژمونی دەوڵەتی عوسمانی (الدملوجي، ٢٠١٧، ص٧٩) بۆیە دەوڵەتی عوسمانی چاك ئەوەی دەزانی لێدان لە هۆزەکانی کورد و بچوکردنەوەی پێگە و هەژموونیان، واتە لێدان لە یەکڕیزی کورد و پەرتەوازەکردنیان، ئەمەش لە ڕاپۆرتێکی جێگری کۆنسولی بەریتانیا لە دیاربەکر هاتووە کە لە ١٣ ی ئاداری ١٩١٤ بۆ باڵوێزی ولاتەکەی لە ئیستەنبول بەرزی کردۆتەوە (علي، ٢٠٠٨، ص ١١٠).

دەوڵەتی عوسمانی جۆرەها ڕێگەی تاقیکردۆتەوە بۆ ملکەچکردنی عەشیرەتە کوردییەکان، بە تایبەتی دەسەڵاتی عەشیرەتە گەورەکانی سەر سنوری ئێران، کە لە هەموویان زیاتر خاوەنی ئۆتۆنۆمی بوون (ئۆز ئۆغلۆ، ٢٠١٨، ل١٠٨ - ١١٢) چونکە دەسەڵاتی عوسمانی لە سنوری ئەم عەشیرەتانە لاواز بوو، هەروەها ئەم عەشیرەتانە ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی باشووری کوردستان، لە نمونەی عەشیرەتی جاف ( بڕوانە: فەتاح، ١٩٩٥، ل ٦٨ ــ ٦٩ ــ ٧٠) یەکێك لە سیاسەتەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی پڕچەکردنی هەندێك لە عەشیرەتەکان بوو دژی ئەوەی تر و هاندانیان بۆ ئەوەی شەڕی یەکتر بکەن، هەروەها لایەنگیریکردن و ناردنی هێز بۆ هۆزێك لە دژی هۆزێکی تر، بەمەش تۆی ڕق و قینە و شەڕکردن و تۆڵەکردنەوەی لەنێو ئەندامانی عەشیرەتەکان دەڕواند، کە هەمووی لە دژی ڕەوشی کورد و کوردستان دەشکایەوە و دەبووە هۆی خراپ بوونی دۆخی خەڵك. (لازاریف، ٢٠١٣، ص٦٧) هەروەها لە ڕێگەی پێدانی پلە و پۆست لەو ناوچانەی زۆرینە کوردن، هەندێك لە سەرۆك هۆزەکانی کوردی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا، ئەم سەرۆك هۆزانە دەسەڵات و پێگەی بەهێزیان پەیا دەکرد، زۆر جار بە پاڵپشتی دەوڵەت سنوری خۆیان بەهێز دەکرد و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هۆزەکانی دەوروبەر دەسەپاند (الدملوجي و اخرون، ٢٠٠١، ص١٧) ئەم سیاسەتە دەبووە هۆی زیاتر دابەش بوونی کۆمەڵگەی کوردی، بێگومان هێشتنەوەی کوردستان بە لاوازی، ئامانجێکی سەرەکی عوسمانییەکان بووە، لەم بارەیەوە مارك سایکس دەڵێ: دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیداوە

عەشیرەتەکانی کورد بمێنن و یەکنەگرن، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی پێشکەوتن بەخۆیەوە نەبینێت، چونکە بە مانەوەی ئەم هۆزانە و دابەشبوونیان کورد پێشنەدەکەوت (سایکس، ٢٠٠٧، ص٦).

**٢. ناکۆکی نێوان زەنگەنە و هەمەوەند لە کۆتای سەدەی نۆزدە:**

لە ساڵی (١٨٧٨) ئەندامێکی عەشیرەتی هەمەوەند لەلایەن عەشیرەتی زەنگەنە کوژرا، ئەم ڕووداوە ناکۆکی خستە نێوان ئەو عەشیرەتە، لە ئەیلولی (١٨٧٩) هەمەوەندەکان بەسەرکردایەتی (جوامێر ئاغا ــ جووکل ١٨١٥ ــ ١٨٨٧ز) هێرشیان کردە سەر (قەرەداغ) و قایمەقامی شارەکەیان کوشت (عەبدوڵا، ٢٠٠٤، ل٢٤) لە ڕاستیدا کوشتنی قایمەقامی قەرەداغ، پەیوەندی بە ناکۆکی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتی هەمەوەند هەبووە، هەردوو عەشیرەتی هەمەوەند و زەنگەنە لە گوندی (ئیبراهیم خانی)ی قەزای کفری، ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، لە ئەنجامدا زەنگەنە شکستان خوارد و چوونە ناو گوندی شێخ لەنگەر لە نێوان کەلار و کولەجۆ، هەمەوەند شوێنان کەوتن، زەنگەنە ناچار بوون داوای هاوکاریان لە حکومەت کرد (زكي، ١٩٥١، ص ١٤٠) لە دیدی عوسمانییەکان هەمەوەند عەشیرەتێکی سەرەڕۆ و لە یاسا دەرچوو بوو، ئەمە دیدە لەوە سەرچاوەی دەگرت، هۆزی هەمەوەند خاوەنی دەسەڵاتێکی نیمچە ئۆتۆنۆمی بووە لە ناوچەی خۆی، دەورێکی باڵای گێڕاوە لە یارمەتیدانی میرانی بابان لەکاتی بوونی کێشەیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها وەك عەشیرەتێکی یاخی لە دەسەڵاتی عوسمانی، زۆرکات لە جولانەوەدابوون و ناکۆکیان لەگەڵ والییەکانی عوسمانی هەبووە لە بەغدا و هەمیشە هەوڵیان داوە بەسەر ناوچەی خۆیان باڵادەست بن، وە زۆر جار دەستیان بەسەر پۆستە و کاروانی بازرگانیدا گرتووە. (ئەمین، ٢٠٠٨، ل١٦ - ٢٢، ٥٦ - ٥٨) تەنانەت نووسەرێك پێی وایە هەمەوەندەکان کۆسپێکی سەرەکی بوون لەبەردەم عوسمانییەکان، بۆ پەیڕەوکردنی سیستەمی مەرکەزی لە باشوری کوردستان، چونکە عەشیرەتی ناوبراو زۆر سەرکەوتوو بوو لە بەرهەڵستیکردنی هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ چەسپاندنی مەرکەزیەت (هێنینگ، ٢٠١٦، ل١٣-١٩) شایەنی باسە جگە لە هەمەوەند، عەشیرەتی گەورەی (جاف)یش، نەچوونەتە ژێر بڕیار و سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی، بۆیە ئیدارەی عوسمانی لە عێراق، بۆ مل پێکەچکردنی ئەم عەشیرەتانە، هەمیشە لە دەرفەت گەڕاوە و جۆرەها ڕێگاشی بەکارهێناوە، لە ناویاندا دوورخستنەوە بۆ دەرەوەی کوردستان، بۆ نمونە دوورخستنەوەی هەمەوەند بۆ شاری (بەنغازی) لە لیبیا (هێنینگ، ٢٠١٦، ل٨) دوای ئەوەی زەنگەنە داوای بەهانەوە چوونی کرد، ڕاستەوخۆ هاتە نێو کێشەکە و پشتگیری

زەنگەنەی کرد، بۆ ئەم مەبەســـتە هێزێك کە پێکهاتبوو لە بەتالیۆنێکی پیادە و شـەســت ســوار و چل هێســتر و دوو تۆپی بچوك، بەســەرکردایەتی (عبد الله ئەفەندی خانەقی) گەیشــــتە شـــێخ لەنگەر، وێڕای ئەوە قایمقامی کفری بە (٧٥٠) ســــواری عەشـــیرەتەکانی (زەند) و (پالانی) و (تالەبانی) و (باجەلان) هاوکاری هێزەکەی کرد، هێزی عوسـمانی هێرشـێکی کت و پڕیان کردە سـەر هەمەوەند، بەڵام سـەرنەکەوتن و هێرشـەکەیان بەرپەرچدرایەوە، دەوڵەتی عوسمانی لەبری چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییە، هێزێکی گەورەتری بەسەرکردایەتی (ئەدهەم پاشا)ی فەرماندەی فیرقەی دوازدەی سوپای عوسـمانی، کە پێکهاتبوو لە هەشت بەتالیۆن و فەوجێك و نیوی سـوارە و یەك بەتالیۆن فەوجی چیایی ناردە ناوچەکە، لەگەڵ ئەوەشدا هەمەوەندەکان هێزەکەیان لە گۆپتەپە (نزیك ناحیەی ئاغجەلەر) گەمارۆدا و خودی ژەنەڕال (ئەدهەم پاشا) یان بەدیلگرت، دوای چەندین مشـــت و مڕ و گفتوگۆ، ژەنەڕالی ناوبرا و ئازاد کرا و هەمەوەندەکان لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانیان کشانەوە بۆ (زەهاو) لەخاکی ئێران (کەریم، ٢٠١٢، ل٢٠١٩ - ٢٠٢٠ ؛ حەسەن، ٢٠١٩، ل٦٦). پاشان هەمەوەندەکان لە زەهاو نیشتەجێ بوون و دەستیان کردەوە بە دژایەتیکردنی دەوڵەتی عوسـمانی، دوای ماوەیەك هەردوو دەوڵەتی عوسـمانی و قاجاری ڕێککەوتن لەســـەر ملکەچکردنی ئەم عەشـــیرەتە، لەگەڵ ئەوەشـــدا ســـەرنەکەوتن (ئەمین، ٢٠٠٨، ل١٦ ـ ٢٢).

**٣. ناکۆکی نێوان هەمەوەند و جاف:**

(شـــاتری) یەکێك بووە لە تیرەکانی هۆزی گەورەی جاف، (عەزیز شـــاوەیس) ســـــەرکردایەتی ئەم تیرەیەی کردووە (لە بارەی تیرە و فیرقەکانی هۆزی جاف بڕوانە: حەســەن، ٢٠١٩، ل٢٤٩ــــــ ٢٩٠). هەر لە نیوەی دووەمی ســەدەی نۆزدەی زایینی ئەم تیرەیە دەســـتبەرداری ژیانی کۆچەری بوونە و بوونەتە خاوەنی زەوی و خاکی خۆیان، ئەندامانی ئەم تیرەیە وەك پێویست گوێڕایەڵی فەرمانەکانی (محمد پاشا ـــــ حەمە پاشا ١٨١٤ ـ ١٨٨١ز)ی ســــەرۆکی لقەکانی جاف نەبوونە، لە پێناو لاوازکردنی پێگەی ئەم هۆزە (حەمە پاشــا) لەبن گوێی عوسـمانییەکانی خوێند و هانیدان، تاوەکو عەزیز شـاوەیس دەســتگیربکەن، ناوبراو لەم پلانەیدا ســەرکەوت و عەزیز شــاوەیس خرایە زیندان، دوای ماوەیەك مانەوە لەناو زیندان ژەهر خوارد کرا، هەر زوو پەنجەی تۆمەت ئاڕاســـتەی حەمە پاشـا کرا، فارســی کوڕی عەزیز شـاوەیس و کەڕەمی کوڕی ڕایانگەیاند تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە، زۆربەی ســــەرۆك تیرەکانی جافیش پشـــــتگیری خۆیان بۆ فارس و کەڕەم دووپاتکردەوە، ئەوە بوو لە ساڵی (١٨٨٠) لە چیمەنی برایم سەمین لە گەرمیان دەرفەتیان بۆ ڕەخسا و حەمە پاشایان کوشت،(حەسـەن، ٢٠١٩، ل٢٥٦ - ٢٥٧) محمود پاشای کوڕی

حەمە پاشـــا بڕیاریدا تۆڵەی باوکی بکاتەوە (زەکی، ١٩٣٩، ل١٢٨) پاش ئەو ڕووداوە ئەو تیرانەی جاف، کە بەڵێنیان دابوو بە شــاترییەکان پاشــگەزبوونەوە، بۆیە شــاترییەکان پەنایان بردە بەر هەمەوەندەکان (حەســەن، ٢٠١٩، ل٢٥٦ ـــــ ٢٥٧) جافەکان داوایان لە هەمەوەندەکان کرد شـاترییەکان بە دەسـتەوە بدەن، بەڵام ئەوان بەم داوایە ڕازی نەبوون، بۆیە شەڕ کەوتە نێوان هەمەوەند و جاف (کەریم، ٢٠١٢، ل ٢٢٠) چەکدارانی فراکسیۆنی سـەرەکی جاف بەسـەرکردایەتی (عبد الرحمن بەگ)ی برای حەمە پاشـا، لە نزیك گل (نزیك قادر کەرەم) ڕووبەرووی شاترییەکان و هەمەوەند بوونەوە، لە ئەنجامدا فراکسۆنی ســەرەکی جاف شــکان، بۆیە (تەقی پاشــا ١٨٨٠ - ١٨٨٧) ی والی عوســمانی لە بەغدا سـوپایەکی بۆ هاوکاری جافەکان ڕەوانەکرد، شـاترییەکان و هەمەوەند ناچار بوون بە ژن و منداڵەوە، گەرمیانیان بەجێهێشت و بەرە و (جوانرۆ ـــ زەهاو) کۆچیانکرد و لەوێ نیشتەجێ بوون، پاشان ڕەشماڵی جافە شاترییەکان و هەمەوەندیان تاڵانکرا و سوتێندران، ماوەی دوای دوو مانگ مانەوە هێزەکەی والی عوسـمانی و جافەکان هەوڵیاندا گورزێك لە شـــاترییەکان و هەمەوەند بـدەن، بەڵام ســـەرنەکەوتن، چونکە (جوامێر ئـاغـا)ی سەرکردەی هەمەوەندەکان، ناوەندی دەسەڵاتی خۆی لە زەهاو قایم کردبوو، و شکستی بە نەیارەکانی هێنا (سۆن، ل٥٤ -٥٥؛ حەسەن، ٢٠١٩، ل٢٥٦ - ٢٥٧ ؛ کەریم، ٢٠١٢، ل٢٢٠؛ البرواري، ٢٠٠٩، ص٢٤٠) دەسـتوەردانی والی عوسـمانی و پاڵپشـتیکردنی هۆزی جاف، لە پاڵ ئەوە بووە، گرژی و ناکۆکی توند لە نێوان هەمەوەند و دەسەڵاتی عوسمانی هەبووە، ئەمە جگە لەوەی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بریتی بووە، لە قۆستنەوەی دەرفەتەکان بۆ پەیڕەوکردنی سـیاسـەتی (پەرتکە و زاڵ بە) لەپێناو سـەرکەوتن بەسـەر عەشـیرەتەکانی کورد.

**تەورەی دووەم:**

**١. ناکۆکی نێوان بەرزنجییەکان و تاڵەبانییەکان:**

سـەبارەت بە شـەڕی نێوان ئەو دوو عەشـیرەتە، لە ڕاپۆرتێکی ئاسـایشـی ناوخۆیی هەردوو ویلایەتی بەغدا و موســـلدا، کە لە (تشـــرینی یەکەمی ١٨٨٦) بۆ ئیســـتەنبۆل بەرزکراوەتەوە هـاتووە، لە دەوروبەری کەرکوك شـــەڕ کەوتۆتە نێوان بەرزنجییەکـان و تالەبانییەکان (بڕوانە: مراد، ٢٠٠٥، ص٢٩ ــ ٣٠) هۆکاری سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان ئەم دوو عەشـیرەتە ئاینییە، لە ڕاپۆرتێکی (ئیسـماعیل حەقی) کاربەدەسـتی چاکسـازی کەرکوك دەردەکەوێت، کە ســـاڵێك دواتر بۆ ناوەند نێردراوە، تیایدا ئاماژە بەوە کراوە هۆکاری شــەڕەکە بریتی بوو لە کوشــتنی (شــێخ عەبدولســەمەد تاڵەبانی) بەدەســتی بەرزنجییەکان (مراد، ٢٠٠٥، ص٣٨) هەرچەندە شـێخ سـەعیدی بەرزنجی و زۆربەی ئەوانەی

لەم ڕووداوە تیوەگلابوون، لەگەڵ چوار کەس لە تاڵەبانییەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ویلایەتی موسل دەستگیرکران، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت نەیتوانی ئاژاوەکە بن بڕ بکات، هێرش و پەلاماری بەرزنجییەکان بۆ سەر تاڵەبانییەکان بەردەوام بوو، لەو لاشەوە شێخ سعید هەوڵی دەدا لە زیندان خۆی ڕزگار بکات، لەو کاتەدا شێخ حسنی بەرزنجی بە پێنج سەد کەسەوە هێرشی کردە سەر شێخ مەعروفی تاڵەبانی لە کەرکوك، هەمەوەندییەکان ئەم ڕەوشەیان قۆستەوە پەلاماری گوندەکانی دەوروبەری کەرکوکیان داو تالانیان کرد. ئەگەرچی ئیستەنبول ئاگاداری ئەم ڕووداوانە بووە، بەڵام بەهۆی پێگەی ئایینی هەردوو عەشیرەتی بەرزنجی و تاڵەبانی هیچ هەڵوێستێکی توندی نەنواند، بە تایبەتی بەرزنجییەکان پێگەیەکی بەرزیان لای سوڵتان هەبوو، بۆیە پەلەیان نەکرد بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە (Gökhan Çetinsaya:op.ct.p75 - 77) بەڵام دوای سەرهەڵدانەوەی کێشەکە و ئالۆزبوونی لە ساڵی (١٨٨٧) بابی عالی بۆچوونی خۆی گۆڕی و لێژنەیەکی بە سەرۆکایەتی (ئیسماعیل حەقی پاشا)ی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بۆ کەرکوك نارد، بابی عالی لێژنەکەی ئاگادارکردەوە بەرزنجییەکان بنەماڵەیەکی بێگەردن (سلالة الطاهرة) و داواشیان لێکرا ڕەچاوی پێگەی بەرزی ئایینیان بکرێت و لەسەر بنەمای ماف و دادپەروەری ئەم کێشەیە چارەسەربکەن، هەروەها لە بابی عالیەوە بە ئیسماعیل حەقی ڕاگەیەندرا، پێویستە دوای گەیشتن بە شوێنەکە دادگایەکی سەربازی بەسەرۆکایەتی خۆی پێکبهێنێت و تاوانبارەکان سزابدرێن(مراد،٢٠٠٥، ص٣٠ ـ ٣٨).

لەو ڕاپۆرتەی لێژنەکە بۆ دەوڵەتی ناوەند بەرزی کردۆتەوە دەردەکەوێت ڕەوشی سیاسی ناوچەکە بەهۆی شەڕی نێوان ئەو دوو عەشیرەتە نائارام بووە، بۆیە باری نائاسایی ڕاگەیاندراوە. پاش ئەوەی لێژنەکە دەستی بە پشکنین و لێکۆڵینەوە کرد، بڕیاردرا بۆ بنبڕکردنی کێشەکە ئەوانە سزابدرێن کە ڕاستەوخۆ دەستیان لە کێشەکە هەبووە، لەم سۆنگەیەوە دادگا بڕیاری زیندانی بۆ سێ کەس دەرکرد، کە ڕاستەوخۆ بەشداریبوون لە کوشتنی شێخ عبد الصمد تالەبانی، جگە لەوەش ژمارەیەکی تری لە بەرزنجییەکان و تاڵەبانییەکان ئەوانەی تەقەیان کردبوو خستە زیندان (سۆن، ٢٠٠٧، ل٧٥). لە کێشەی نێوان بەرزنجییەکان و تاڵەبانییەکان، دەوڵەتی عوسمانی بە هەستارییەوە مامەڵەی کردووە، لە بری دەستوەردان بە هێزی سەربازی و پاڵپشتیکردنی یەکێك دژی ئەوەی تر، لە ڕێگەی پێکهێنانی لێژنە و دادگا، کێشەکەی چارەسەر کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی هێز و پێگەی ئەم دوو بنەماڵەیە لەناو کۆمەڵگەی کوردی ئەوکات.

**٢ . ناكۆكی نێوان هەمەوند وساداتی بەرزنجە.**

ناكۆكی نێوان هەمەوەند و بەرزنجە، مێژوویەكی كۆنی هەبووە، هەروەك لە بەڵگەنامەیەكی عوسمانیدا، كە لەبنچینەدا ڕاپۆرتی فەرمانبەرێكی عوسمانیە، لەحوزیرانی ساڵی (١٩٠٥) دانووسراوە، ئەوە پشتڕاست دەبێتەوە (كەریم، ٢٠١٢، ل١٠٥) بەگوێرەی بەڵگەنامەیەكی تری عوسمانی سەرچاوە و هۆكاری شەڕەكە لەسەر زەوی و زار بووە، ئەمەش دوای ئەوەی (هەمەوندەكان) بۆ زەهاو دوورخراونەتەوە، دا شێخ سەعیدی بەرزنجە هەڵساوە بە كڕینی هەندێ زەوی و زاری بێ تاپۆ، لەوانەی كە حكومەت فرۆشتوویەتی، بەڵام كاتێك هەمەوەندییەكان بۆ زێدی خۆیان گەڕاونەتەوە، لەو زەویانە دەستیان بە كشتوكاڵكردن كردووە، بەهۆیەوە لەنێوان ساداتی بەرزنجە و هەمەوەندەكان ناكۆكی سەریهەلداوە، لە ئاكامدا لە ناكۆكییە (سەید نوری سەید حەسەن كانی كوالی) كوژراوە، ئەمەش ناكۆكی هەردوولای قوڵتر كردۆتەوە. بۆ تۆلەسەندنەوە (شێخ محمودی شێخ سەعید) و (شێخ سعیدی گۆپتەپە) و چەند ساداتێكی دیكە لەگەڵ لقەكانی (تەرخانی) و (ڕوغزایی) لە عەشیرەتی (جاف) كۆبوونەوەیەكی گەورەیان بۆپرسی پەلاماردانی (هەمەوەندەكان) سازكرد، لەئەنجامدا بەرزنجەییەكان هێزێكی گەورەیان ئامادەكرد، كە لە نزیكەی (هەزار) پیادە و سوارە پێك دەهات، ئەوەبوو بەسەرۆكایەتی شێخ مەحمود چوونە گوندی (داریكەلی) هەرچی (شێخ سەعید)ی بەڕێوەبەری ناحییەی (قەرەداغ) كە یەكێك بوو لەخزمەكانی شێخ، ئەوا نزیكەی (٢٠٠) كەسی كۆكردۆتەوە و ڕەوانەی هەمان گوندی كردن، لەسەر داوای خەڵكی ناوچەكە، حكومەتی عوسمانی لە ڕێگەی (موستەفا ئەفەندی) ی بەگ باشی (مقدم) مەفرەزەیەكی سەربازی ناردە (داریكەلی) و هەوڵێكی زۆری لەگەڵ شێخ محمود دا، تاوەكو شەڕ ڕوونەدات، بەڵام هەوڵەكانی بێئاكام بوون، بۆیە گەڕایەوە چەمچەماڵ تاوەكو هێزی زیاتر بۆ شوێنی ڕووداوەكە ببات، تا گەڕایەوە، هەردوولایەنی ناكۆك لە گوندی (بەگەجانی)ی سەر بە (بازیان) تێكگیران و (شێخ نەجمەدینی برای سەید نوری) كوژرا، هێزەكەی (موستەفا ئەفەندی) بە پەڵە گەڕانەوە شوێنی شەڕەكە، دوای هاوار و بانگێكی زۆر بۆ وەستاندنی شەڕ، ناچار بوو هێزی بەكارهێنا، چونكە لایەنەكان گوێیان بە داواكارییەكانی بەگ باشی نەدا (علي، ٢٠٠٣، ص ٢٠٣ ـــ ٢٠٥). وێڕای ئەوەی كاربەدەستەكانی لۆكاڵی داوای بەكارهێنانی هێزیان لەدژی شێخ سەعید كرد و داواكەش لەلایەن (سەدری ئەعزەم)ەوە هەمواركرا، بەڵام خودی سوڵتان داواكەی پەسەند نەكرد و گووتی، ئەم چەشنە مامەڵە لەگەل ویستی ئیمپراتۆریەتدا ناگونجێت. بێگومان ئەم هەڵوێستە وەك پێشتر ئاماژەی بۆكرا،

پەیوەندی بەو  پێگە گرنگەوە هەبوو کە، شێخانی بەرزنجە لای سوڵتانی عوسمانی هەیانبوو، لەئاکامیشدا ئەم هەڵوێستە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی ڕوودانەکان هەبوو، چونکە پاش ئەم بڕیارەی سوڵتان، بەگ باشی (موستەفا ئەفەندی) ئاگادارکرایەوە، کە بەکارهێنانی هێز لەدەرەوەی سنووری دەسەڵاتی ئەودایە و پێویستە سوپاکەی بگەڕێنێتەوە چەمچەماڵ، لەولایەوە ساداتی بەرزنجەیە، ئەم جارەیان لەشکرێکی نزیکەی (١٥٠٠ تا٢٠٠٠) کەسیان لەعەشیرەتەکانی: جاف، بشدەر، باجەڵان، شوان، شێخ بزێنی و جەباری کۆکردەوە، بە بیستنی ئەم هەواڵە هەمەوەندەکان گوندەکانی بازیانیان چۆڵکرد و چوون بۆ نزیک کەرکوك، لەوکاتەدا دەسەڵاتدارانی ناوچەکە داوایان لە بەرزنجیەکان کرد شەڕ ڕابگرن، بەڵام بێ سود بوو، تەنانەت ئاگادارکردنەوەی خودی سوڵتان (عبد الحمید) نەبووە هۆی وەستانی ئاڵۆزییەکان، هەر ڕۆژێك دوای ئەو ئاگادارکردنەوەیە، لەشکری سادات لە (داریلکەلی)یەوە پەلاماری گوندەکانی هەمەوەندیاندا و تالانیان کردن، گوندەکانیش بریتی بوون لە (سورتکە، ئەڵلایی، بازیان ، سەروچاوە، کلاشکەران، جولومەک، ئەحمەدە ڕەش. هەمەوەندەکان بۆ ڕاگرتنی شەڕ و پێکدادان، لەڕێگەی (تۆفیق بەگ)ی فەرماندەی ئۆردووی سەربازی بازیانەوە، ئامادەی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی ساداتی بەرزنجە خستەڕوو، بۆ ئەو مەبەستەش موتەسەریفی سلێمانییان ئاگادارکردەوە، بەڵام بێسود بوو، لە کۆتایدا کۆششەکانی فەرماندەی نێوبراویش بۆ ڕێگریکردن لە پەلاماری سادات هیچی لێنەکەوتەوە. بەهەرحاڵ لەکاتێکدا لەشکری سادات خۆیان بۆ پەلاماردنی چەمچەماڵ سازدابوو، لە ٢٥ی حوزیران، نزیکەی (٤٠) سوارەی هەمەوند ڕووبەڕووی سوارەکانی (ڕوغزایی) و (گەڵا لی)بوونەوە، لەئاکامدا سەرۆکی ڕووغزایی کوژرا و چەند کەسێکی تر بریندابوون، هەرلەوماوەیە دا نزیکەی (٢٥٠) سوارە لە هەمەوەندی پیربادی و موزەفەری چوونە نێو شەڕەکە، دەرئەنجام لەشکری سادات بەناچاری بەرەو (داریکەلی) پاشەکشێیان کرد، بۆ پاسەوانیکردنی بەر و بوومە کشتوکاڵییەکانیان و هەر پرۆسەیەکی  تۆڵەسەندنەوە، داوای هاوکاریان لەسوپای عوسمانی کرد، بەڵام سوپا ئەم داواکارییەی جێبەجێنەکرد، چونکە دەسەڵاتدارانی عوسمانی لەو باوەڕەبوون، هەمەوەندەکان ناتوانن تۆڵە لەخودی شێخ بکەنەوە، بۆیە (شێخ مەحمودی شێخ سەعید) و(شێخ سەعیدی بەرێوەبەری قەرەداغ) بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ چەند سەد کەسێکدا لەناوچەکەدا ماونەتەوە (کەریم، ٢٠١٣، ل٢٤٨. ). دوای چوارمانگ لەو ڕووداوانە، بە بڕیاری حکومەت چەند ئەندامێکی بنەماڵەی بەرزنجی گیران ودرانە دادگا، بەڵام پاشان هەموویان لەلایەن سوڵتانەوە بەخشران، دیسان بەهۆی ئامادەنەبوونیان لە دادگا، فەرمانی

گرتن بۆ هەندێکی تر لە بەرزنجییەکان دەرچوو، بەڵام ئەوانیش لەشوباتی ساڵی ١٩٠٦ لەلایەن سوڵتان فەرمانی لێخۆشبوونیان بۆدەرچوو (Gökhan Çetinsaya، op .ct. p85)

**بەشی دووەم: سیاسەت و هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی لە کێشەی نێوخۆیی چەند عەشیرەتێکی ناوچەی بادینان.**

**تەوەری یەکەم:**

**١. مللانێی نێوان شێخ محمدی بارزان و عەشیرەتەکانی دەوروبەری:**

ژمارەی مورید و لایەنگرەکانی تەکیەی بارزان لە سەردەمی شێخ محمدی کوڕی شێخ عبد السلامی بارزانی (١٨٣٧ - ١٩٠٣) کە شوێنی باوکی گرتبوویەوە زیاتر بوون (غەفور، ١٩٩٥، ل٥٣ - ٥٤) لە ڕاستیدا ئەوەی زیاتر پێگە و ناوبانگی شێخ محمدی زیاتر کرد، بریتی بوو لە شکستی شۆڕشی شێخ عوبید اللەی نەهری) و دوورخستنەوی بۆ حیجاز لە ساڵی (١٨٨٠)، دوای ئەو ڕووداوە دەسەڵاتی شێخ محمد لای ئاغاکانی عەشیرەتەکانی ناوچەکە لەوانە (مزوری ــــ شێروانی ــــ زێباری) بووە ئەمری واقع، لە ماوەیەکی کەم ژمارەی موریدەکانی گەیشتە پێنج هەزار کەس، ئەمانە بەڵێن و وەفاداریان بۆ دووپاتکردەوە و دەستیان بە کڕینی چەك و کەرستەی جەنگی کرد و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد پێویستە شێخ محمد ببێتە خەلیفە، لەشکری شێخ محمد بە دوو لقەوە بەرە و موسل هەنگاویان نا، لەڕێگادا پەلێك پەلاماری ئاکرێ و پەلێکی تر پەلاماری ڕەواندزیاندا و قایمقامی ئەو دووشارەیان گرت و تێر لێدانیان کردن، هەواڵ گەیشتە سالح زەکی پاشای والی موسل و ڕێکاری پێویستی گرتە بەر، پاشان لە ڕێگەی پیلانێك شێخ محمد دەستگیرکرا و خرایە زیندانێك لەسەر ڕووباری دیجلە، پاشان خۆی ڕزگار کرد و گەڕایەوە بارزان، دوای سێ چوار ساڵ کارکردن بە نهێنی، جارێکی تر دەسەڵاتی شێخ محمد بوژایەوە، ئەم جارە ترسی خستە دڵی شێخ محمد صدقی نەهری کوڕی شێخ عوبید اللەی نەهری، کە لە ساڵی (١٨٨٣ز) شێخایەتی نەهرییەکانی وەرگرتبوو، ئەو کە خاوەنی چەك و جبەخانەیەکی گەورە بوو ( Mark Sykes,1915, p 434 – 435) پەلاماری بارزانی دا، شێخ محمد بارزانی بۆ ڕەواندوز ڕایکرد، والی عوسمانی لە موسل هاتە نێو کێشەکە و شێخ محمدی گەڕاندەوە بۆ بارزان و هیزەکەی شێخ محمد صدیق لە ناوچەکە دەرکران (نیکیتن، ٢٠٠٤، ل٤٢ ـ ٥٠).

لەسەردەمی شێخ محمد بارزانی، ناکۆکی لە نێوان دەسەڵاتی ئایینی (المشیخة) بارزانی لەگەڵ شێخانی نەهری و شێخانی ئاینی سورچی لە (بجیل) و

ئەرستۆقراتیەتی ئاغایی زێبارییەکان سەریهەڵدا (اسسرد، ٢٠٠٨، ص١٣١) چونکە ئەو لایەنانە کە سنوری جوگرافیان بەسەریەکەوە بوو، لە هەوڵدابوون هۆز و تیرە کوردییەکانی ناوچەی خۆیان و دەوروبەریان بەلای خۆیان ڕابکێشن، تاوەکو پێگە و هێزی خۆیان قایمتر بکەن، بۆیە هۆکاری لاوەکی دەبووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕ و کوشتاری خوێناوی لە نێوان ئەم لایەنانە (البارزاني، ٢٠١٨، ص١١٥ . )

لەم سۆنگەیەوە شێخانی بارزان ویستیان هەبوو، مورید و لایەنگری خۆیان لە ناو هۆزەکانی دەوروبەر زیاتر بکەن (اسسرد، ٢٠٠٨، ص١٣١) ، بۆیە لەسەر دەسەڵات و بەڕێوەبردنی دەڤەری بارزان لە ڕوویی سیاسی و ئایینی و ئابووری و کۆمەلایەتی، ناکۆکی فەتاح ئاغا و شێخ محمد تا دەهات قوڵتر دەبوو، لە دەوروبەری ساڵی (١٨٨٥) جوەکانی بارزان پەنایان بردە بەر شێخ محمد، تاوەکو لە ستەمی ئاغای زێبارییەکان ڕزگاریان بکات، چونکە وەك گێڕەڕەوەکان گێڕاویانەتەوە بەناچاری دەخرانە بەر بەرژەوەندییەکانی ئاغاکانی زێباری و کاریان پێدەکرا و زۆرینەی داهاتیان لێ دەسەندرا، ئەم ڕووداوە شێخ محمدی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی پێویستە خەبات بکات بۆ لەناوبردنی ڕژێمی دەرەبەگایەتی ئەگەر چی لەو کاتدا ئەو توانا و هێزەشی نەبوو، شێخی بارزان بە فەقێ عبد الرحمن دلانی گووت: **((هیچ بیانوێك نیە تا لەو ستەمە بێدەنگ بین، پێویستە شتێك بکەین بۆ ڕاگرتنی))** فەتاح ئاغای زێباری لە مەبەستی شێخ تێگەیشت، بۆیە جارێکی تر پەنای بردەوە بەر دەولەتی عوسمانی و بە والی موسلی ڕاگەیاند شێخ محمدی بارزان خەڵك لە حکومەت هاندەدات و داوایان لێدەکات بۆ دەوڵەت سەربازی نەکەن، هەروەها موریدەکانی بە ڕۆحێکی دوژمنکارانە پەروەردە دەکات پێویستە سنورێکی بۆ دابندرێت، والی موسل شێخی بارزانی بۆ موسل بانگ کرد و فەرمانی پێکرد لەو شارە بمێنێتەوە و مانەوەی ناچاری بەسەردا سەپاند، بەمەش مورید و لاینگرانی شێخ کەوتنە خۆ و خۆیان گەیاندە موسل، لەوێ داوای ئازادکردنی شێخیان کرد، بەڵام والی موسل بە فێل و هەڵخەڵەتاندن زۆربەیانی دەستگیرکرد و سەربازیکردنی بەسەردا سەپاندن، ماوەیەك شێخ لە موسل مایەوە بەبێ ئەوەی والی لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات، لە کۆتایدا شەوێك شێخ محمد توانی بە نهێنی خۆی ڕزگار بکات و گەیشتەوە بارزان، حکومەتیش هیچ هەنگاوێکی نەنا و بەبێ دەنگ مایەوە، بێدەنگ بوونی عوسمانییەکان لە ڕووداوی خۆ ڕزگارکردنی شێخ محمدی بارزان، ڕەنگ بێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، پێیان وابووە ئەگەر بلاوببێتەوە ئەوا بە خراپ بەسەر لایەنی کارگێڕی حکومەت دەشکێتەوە. ئەم ڕووداوانە ڕق و قینەی موریدانی شێخی لەبەرامبەر ئاغاکانی زێباری زیاتر کرد، زێبارییەکان کۆبوونەوەیەکی بە

پەلەیان بەست و بڕیاریاندا شێخ محمد بکوژن، ئەوە بوو ئەم ئەرکەیان خستە ئەستۆی (ابراهیم ئاغا هرنی) لە ساڵی (١٨٨٦) بە هێزێکەوە هێرشی هێنایە سەر بارزان بەڵام شکستی خوارد، لەگەڵ ئەوەش شێخ محمد هەستی بەوە کرد مانەوەی لە ناوچەی (بەرۆژ) ژیانی دەخاتە مەترسی، بۆیە هاتە ناو شێروانییەکان و لە گوندی (بیێ) ماوەی نۆ ساڵ بە ڕێز و شکۆوە مایەوە، لەو ماوەیەدا موریدانی شێخ دووچاری ئازار و مەینەتی زۆر هاتن، بە هاندانی ئاغاکانی زێباری والی موسل موریدانی بارزانی ناچار بە سەربازی زۆرەملێ دەکرد، بۆیە ( البارزاني، ٢٠١٨، ص ٨٣ ـــ ٩٣) لە ساڵی (١٨٩٠) أحمد ئاغای بێرسیاقی ـــ شێروانی شوێنی سلطان ئاغای باوکی گرتەوە بۆ سەرکردایەتی کردنی شێروانییەکان، أحمد ئاغا موریدی شێخی بارزان بوو، ئەمەش لەبەرژوەندی بارزانییەکان شکایەوە، چونکە ئەمە وایکرد شێروانییەکان بە تەواوی بێنە ناو حەلقەی ئایینی بارزانییەکان، ئەمە جگە لەوەی گەردییەکان و بەرۆژیەکان هاتنە نێو هاوپەیمانییەتی ئایینی بارزان، بەمە هێزی شێخ محمد زیادی کرد، لە ساڵی (١٨٨٩) ڕێککەوتن لەسەر دانانی سنورێك بۆ ڕژێمی دەرەباگەیەتی، لە ساڵی (١٨٩١) موریدانی شێخ هێرشیان کردە سەر کۆشکی فەتاح ئاغا لە گوندی (لاتکا)ی ناوچەی (بەرۆژ) فەتاح ئاغا خۆی پێنەگیرا و ڕوویکردە گوندی (سیریێ) چەکدارانی شێخ نەوەستان، فەتاح ئاغایان بۆ گوندی (باز) دەرپەڕاند، زێبارییەکان لەوێش خۆیان ڕانەگرت و بە ناچاری ناوچەی بەرۆژیان بەجێهێشت، بەمەش ڕێگە بۆ شێخ محمد خۆش بوو گەڕایەوە بارزان، ( البارزاني، ٢٠١٨، ص ٩٩ ـ ١٠٥)

دوای ئەوەی لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی شەڕ کەوتە نێوان شێخ محمدی بارزان و شێخ محمدی کوڕی شێخ احمدی سورچی، سورچییەکان چەندین جار هەڵیان کوتایە سەر گوندەکانی بارزان، لە کاردانەوەدا بارزانییەکان لە ساڵی (١٨٩٢) هێرشیان بردە سەر (کەڵات) و (بجیل)، شەڕێکی سەخت ڕوویدا، لە ئەنجامدا بیست و دوو کەسی بارزانی کوژران، لە بەرامبەردا بارزانییەکان شێخ قەیومی کوڕی شێخ محمدی سورچیان دەستگیرکرد و بۆ بارزانیان برد، بەڵام لە ساڵی (١٨٩٣) ئازاد کرا (بۆ وردەکاری ئەم ڕووداوانە (بڕوانە: البارزاني، ٢٠١٨، ص١٢٠ - ١٣١) لە شەڕی سورچی و بارزانییەکان فەتاح ئاغای زێباری لایەنگری سورچییەکانی کرد و شەڕکەرەکانی لە هاوینی ساڵی (١٨٩٣) شان بەشانی سورچیەکان هێرشیان کردە سەر دانیشتوانی گوندی (صفتی) کە لایەنگری شێخ محمدی بارزان بوون، هێرشبەرەکان مەڕ و ماڵاتی دانیشتوتنی ئەو گوندەیان تالانکرد، لە ڕاستیدا فەتاح ئاغا لە بەرامبەر کشانی هەژموونی شێخ محمدی بارزان هەستی بە دڵەڕاوکێ کرد و وەك مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی لێکیدایەوە،

چونکە پێشــتر دەرکەوتنی شــێخانی بارزان، بەشــی زۆری گوندەکانی دەڤەری بارزان لە ژێر دەســـــتی ئەودا بوون (بۆ وردەکــاری بڕوانە، البــارزاني، ٢٠١٨، ص٨٥ - ٨٦) بەڵام بە دەرکەوتنی شێخانی بارزان بەرە بەرە دەسەڵاتی کەم دەبوویەوە، چونکە موریدانی شێخی بارزان بە تەواوی گوێڕایەڵی شـــێخەکانیان دەکرد و باوەڕیان وابوو گوێڕایەڵی شـــێخ لەســـەروی گویڕایەڵی هەموو کەســـێکی ترەوەیەوە، ئەمەش نەك هەر بۆ فەتاح ئاغای زێباری، بەڵکو بۆ شــێخی نەهری و شــێخەکانی ســورچی جێی مەترســی بوو، چونکە لەدەســتدانی گوێڕایەلی عەشــیرەتەکانی بارزان لە دەســتچوونی دەســەڵاتی ســیاســی و جوگرافیاو داهاتێکی زۆر بوو، بۆیە زێبارییەکان و ســورچیەکان خۆیان گەیاندە شــێخ محمد صــدقی نەهری، تا بەرەیەك لە دژی بارزان دروســت بکەن، لەویێ بەشــێخی نەهریان ڕاگەیاند، شــێخ محمدی بارزان ســتەم و زۆرداری زۆر لە ناوچەکە ئەنجام دەدا، شــێخی نەهری کە لە بڵندبوونی پێگەی شێخی بارزان نیگەران بوو، بەدوای شێخی بارزانی نارد، ئەگەر چی پیاوانی نزیك لە شــێخ ئامۆژگاریان کرد نەچێت، بەڵام لە کۆتایدا شــێخ محمد داواکاری شـــێخی نەهری جێبەجێ کرد و چووە گوندی نەهری، لەویێ لەلایەن شێخی نەهری ڕادەستی دەوڵەتی عوسمانی کرا و دەسەڵاتدارانی عوسمانی وەها تێگەیاند، کە شــێخ محمد کەســێکی خوێنڕێژ و ســتەمکار و تێکدەرە، شــێخ لە (بەدلیس) زینــدانی کرا (البــارزاني، ص١٣٢ - ١٣٨) ئەگەر لەم ڕووداوانە ورد بینەوە دەردەکەوێت سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بریتی بووە لە ڕێگریکردن لە بەهێزبوونی سەرۆکی هۆزێك یان ڕێچکەیەکی ئایینی لەسەر حیسابی ئەوەی تر، هەروەها هەوڵێداوە هاوسەنگی هێزی عەشـــیرەتەکان ڕابگرێت، تاوەکو هیچ عەشـــیرەتێك نەبێتە مەترســـی بۆ ســـەر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت، ئەوی بەڵگەیە بۆ ئەمە لە بەهاری ســـاڵی (١٨٩٤) دەوڵەتی عوســـمانی شــێخی بارزانی ئازاد کرد و گەڕایەوە بارزان. ئەمە پەیامێك بووە بۆ شــێخی نەهری تاوەکو بزانێت لە بەرژەوندی دەوڵەتی عوسمانیدا نییە، هیچ سەرکردیەکی کورد پێگەی خۆی ئەوەندە قایم بکات بتوانێت مەترسی بخاتە سەر ناوچەیەك لە ناوچەکانی ژێر دەســـەڵاتی ئیمپراتۆریەت، بەتایبەتی لەو کاتدا ڕژێمی کارگێری دەوڵەتی عوســـمانی بەهۆی کێشــەی دەرەکی و ناوەکی دووچاری لاوازی ببوو، ڕێگەی نەدەدا هیچ هێزێکی ناوەخۆ لەسەر حیسابی دەوڵەتی عوسمانی دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات و زیاد لە پێویست ســـنوری خۆی فراوان بکات، شــێخ محمد بەهێزەوە گەڕایەوە بارزان، وەك تەحەدایەك لە بــادینــان ســـــەردانی چەنــد ســـــەرۆك هۆزێکی کرد، موریــد و لایەنگرانی شــــێخ لە ڕێوڕەســـمێکی گەورە پێشـــوازیان لە شــێخ کرد، ئەم ڕووداوانە بوونە هۆی زیاتر بوونی ئالۆزییەکانی نێوان نەهری ـــ زێباری ـــ سورچی لەگەڵ بارزان، لە هاوینی ساڵی (١٨٩٥)

شـــێخ محمد صـــــدقی نەهری هاوپەیمانیەتێكی گەورەی دژی بارزان دروســــتكرد لە هۆزەكانی (زێباری ــــ سورچی ــــ ڕێكانی ــــ برادۆست ــــ هۆرەمار (ئۆرەمار) ــــ هۆزەكانی شـــەمدینان) ئەمە جگە لە چەند ئاغایەكی تری مزوری و شـــێروانی نەیاری بارزان، ئەوە بوو بە لەشـكرێكی گەورە هێرشـیان كردە سـەر دەڤەری بارزان، شـێخ محمد ناچار بوو ڕووبكاتە ڕەواندوز، چەكدارانی هۆزەكانی هاوپەیمان گەیشـــتنە گوندەكانی بارزان و دەستیان بەسەردا گرت، پاشان شێخ محمد صدقی، بۆ بەڕێوەبردنیان نوێنەرەكانی خۆی نارده گوندەكانی دەڤەری بارزان، ئەم داگیركردنە تا ســـاڵی (١٨٩٥) بەردەوام بوو، لەو ســـاڵەدا ناكۆكی كەوتە نێوان هاوپەیمانان لەســـەر دابەشـــكردنی داهات و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی لەوەڕگاكانی ناوچەكە، جگە لەوەش زێباری و سورچییەكان لە دەسەڵاتی شێخ محمد صدقی كەوتنە گومان و ترس، بە باشیان زانی هێزەكەی لە سنوری خۆیان دووربخەنەوە. لەولاشـەوە هێزێكی شـێخی بارزان بەسـەركردایەتی (حاجكی جەمی) و (فقی عبد الرحمن) و (سـلیمان وسـمان پاشـا) هێرشـیان كردە سـەر دەڤەری بارزان، بۆ دەركردنی هێزی شـــێخی نەهری و هاوپەیمانەكانی، بەڵام دوای چوار هەفتە لە شـــەڕی بەردەوام هیچ ئەجامی نەبوو (بارزانی، ص١٣٢ - ١٤٧) بۆیە شـــێخی بارزان داوای لە والی موســـل كرد هێزی نەهری لە بارزان دەربكات، تاوەكو كۆتای بە شـــەڕەكە بێت، والی عوســـمانی نامەیەكی ئاگادار كردنەوەی بۆ شـــێخی نەهری نارد و داوای لێكرد هێزەكانی لە بارزان نەهێڵێت، ئەوە بوو دوای كشـــاندنەوەی هێزەكانی، والی عوســـمانی شێخی گەڕاندەوە بۆ بارزان (نیكیتین، ٢٠٠٤، ل٥٠ ؛ كەریم، ٢٠١٢، ل٢٣٤)

دەسـتوەردانی عوسـمانی و وەرگرتنی هەڵوێسـت، لە كێشـەی نێوان عەشـیرەت و ڕێچكە ئایینە كوردییەكان لە كوردستان بە گشتی بە گوێرەی ئاستی كێشەكە و ئەو ناوچەیە بوو، كە كێشـەكەی تێدابووە، سـەبارەت بە ناكۆكی نێوان زێبارییەكان و بارزانییەكان لەبەرئەوەی خۆی لەخۆیدا بریتی بووە لە خەباتی شـــێخێكی ئایینی دژ بە ئاغایەكی ئەرســـتۆقرات و لەناوچەیەكی چیایی ســـەخت و دوور لە ناوەندەكانی كارگێڕی عوســـمانی بەڕێوەچووە، كاریگەریەكی ئەوتۆی لەســـەر ڕەوش و ئەمنیەتی نێوەخۆیی و دەرەكی دەوڵەتی عوســـمانی نەبووە، بۆیە بە پێویســـتیان نزانیووە، بۆ یەكلاكردنەوەی ئەو كێشەیە لەشكر بەكاربێنن، هەروەك ناكرێت كاریگەری شەڕی گەورەی (بەلكان ـــ بەلقان) لەسەر لایەنی سەربازی دەوڵەتی عوسمانی فەرامۆشبكەین، كە هاوچەرخی ئەم ڕووداوانە بووە. بەگشـتی دەوڵەتی عوسـمانی لەناوچەی شـاخاوی و دووره دەســت بە بوونی دەســەڵاتێكی ڕەمزی ڕازی دەبوو، بە مەرجێك باج و ســەرانەی دیاریكراوی دەســتكەوتبایە، بەڵام لە ئەگەری دەســتدرێژی كردن بۆ ســەر دامەزراوە

کارگێڕییەکان و فەرمانبەرەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئەوا هەڵدەستا بە ناردنی لەشکرێك بۆ تەمبێکردنی ئەنجامدەران.

**٢. ناکۆکی نێوان ئەترۆشی و عەشیرەتەکانی تری ناوچەکە:**

ئەترۆشی عەشیرەتێکی دێرین و گەورەی بادینانە، چەندین لق و پۆپی لێ دەبێتەوە (سایکس، ٢٠٠٧، ص ٥٣؛ ئیزەدی، ٢٠٠٧، ل٢٠٢) لە ساڵانی (١٨٩٧ ـــ ١٨٩٨) ئەم عەشیرەتە شەڕێکی سەخت و خوێناوی لەگەڵ عەشیرەتی عەشیرەتی (دۆسکی) ئەنجامدا (العزاوي، ص١٩٩) ئەگەر چی بە ژمارە دۆسکیەکان زیاتر بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بەرامبەر ئەترۆشییەکان بە سەختی شکان و نزیکەی هەشتا پیاوی ناسراویان کوژرا، گووتراوە هۆزی ئەترۆشی خاوەنی چەك و ئامرازی جەنگی باش بوون، چونکە بەشداریان لە سوارەی حەمیدی کردووە(کەریم، ٢٠١٢، ل٢٣٥) لە ڕاستیدا ئەترۆشییەکان کێشەیان لەگەڵ دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەبوو کە لەکاتی کۆچکردن بۆ کوێستان و گەرمیانەکان پێیاندا تێپەڕدەبوون، حاجی ئاغای سەرۆك عەشیرەتی ئەترۆشی کە مقدمێکی سوارەی حەمیدی بوو، لە ساڵانی (١٨٩٧) بەسەرەوە جار جار پەلاماری چەند گوند و عەشیرەتێکی دەدا، لەبەر ئەوەی سەر بە سوارەی حەمیدی بوو، هیچ بەرپرسێکی سەربازی و مەدەنی توانای نەبوو لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات، چونکە زەکی پاشا هەمیشە پشتگیری ئەو هۆزانەی دەکرد کە سەر بە سوارەی حەمیدی بوون، لە ساڵی (١٨٩٨) حاجی ئاغای ئەترۆشی چەند گوندێکی سەر بە (شێخ نور محمد)ی لە بادینان تالانکرد، شێخ نور محمد هەڵوێستێکی توندی وەرگرت، بۆ تۆڵەکردنەوە هێزێکی زۆری لە عەشیرەتەکانی بادینان کۆکردەوە، والی عوسمانی هەر زوو هەستی بەوە کرد ڕەوشی بادینان ئاڵۆزە بۆیە هێزێکی نارده ناوچەکە بۆ ئەوەی ڕێگری لە ئاژاوە بکات، بەڵام بێ سود بوو، لە ساڵی (١٨٩٩) شێخ نور محمد دۆسکیەکانی هاندا هێرش بەرنە سەر ئەترۆشیەکان، لە لایەکی تریش چەند هۆزێکی بادینان هێرشیان کردە سەر ئێزیدیەکان، سوڵتان عەبدوالحەیمد) بەم بارودۆخە نیگەران بوو، ڕاستەوخۆ دوای ئەو ڕووداوە (ئەبو بەکر حازم بەگ) ی کردە والی نوێی موسل و داواشی لێکرد بە پەلە بچێتە بادینان، چونکە کوردەکان بەربوونەتە گیانی یەکتری، والی موسل لە ڕێگەی چەند کەسایەتیە شێخ نور محمدی ڕازیکرد هێزەکەی بوەستێنێت و سەردانی موسل بکات، ئەوە بوو شێخ چووە موسل و سکالای لە ئاغای ئەترۆشییەکان کرد،ولای موسل لێکۆلینەوەی لە کێشەکە کرد و لەسەر بنەمای ئەو سکالایە بڕیاردرا حاجی ئاغا و عەشیرەتەکەی بۆ ویلایەتی دیاربەکر بگوازرێنەوە، چونکە ئەو سکالایەی لەسەری بوون بنەمایەکی ڕاستیان هەبوو (Gökhan Çetinsaya: op .ct. p83 _ 84) وێڕای

گواسـتنەوەی ئەترۆشـییەکان، دوژمنایەتیان لەگەڵ دۆسـکیەکان تا حوزەیرانی سـاڵی (١٩٠٥) کۆتـای نەهـات، لەو سـاڵەدا والی موسـل کۆمیتەیەکی لە کۆمەڵێـك کەسـایەتییەکانی بادینان پێکهێنا لەوانە ( شـێخ بەهادینی نەقشـەبەندی ) و (جاجی ئـاغـای) ی سـەرۆك هۆزی (سـلێڤـانی) کۆمیتەکە لەگەڵ هەردوولایەنی نـاکۆك گفتوگۆیان کرد و لە کۆتایدا توانیان ئاشتەوای لەنێوان ئەو دوو عەشیرتە بەرپابکەن و کۆنووسێکی فەرمیان مۆر کرد و وێنەیەکی درایە دەست والی موسل و یەکێکی تر بۆ بابی عالی نێردرا (الدوسكي، ٢٠٠٧، ص ١٠٧).

**تەوەری دووەم: دەسـتوەردانی دەوڵەتی عوسـمانی لە کێشـەی نێوان چەند عەشـیرەتەێکی تری بادینان لەوانە:**

**١. شەڕی نێوان دۆسکی و ڕێکانییەکان:**

مەلا سـەعیدی شـەمزینی لەماوەی سـالانی (١٩١٦ ـــ ١٩١٨) شـەڕی نێوان دۆسـکیەکان و عەشـیرەتی ڕێکانی لە چەند لاپەڕەیەك نووسـیوەتەوە، لە سـاڵی (١٩٣٢) بازیل نیکیتن و مێجەرسـۆن وەرگێڕدراوەتە سـەر زمانی ئینگلیزی، بێگومان ئەگەر مەلا سەعید ئەم ڕووداوانەی تۆمارنەکرادیە، ئەوا لەناو دەچوون.

نووسـەر دەگێڕێتەوە دەڵێ: ڕێکانییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر دەسـەلاتی توند و تیژی ئاغایانی دۆسکی بوون، بە تایبەتی لەسەردەمی (سۆتۆ ئاغا)ی دۆسکی، کە لە گوندی (هۆرە مار ـ ئۆرەمار) دادەنیشت و سەر بە مالا میری بوو، سیاسەتێکی پڕ زەبر و زەنگی بەکاردەهێنا، ئاغای ڕێکانییەکان (تتو ئاغا) کە لە بنەماڵەی میکائیل ئاغا بوو، لە گوندی (ڕزگە) دادەنیشـت، کەسـێکی جوامێر و ئازا بوو، لە تەمەنێکی کەم لەناو ئـاغـاکـانی تری ڕیکـانی دەرکەوت، بڕیـاریـدا هیچی تر بەرامبەر ئەم سـتەمەی هۆرەمارییەکان بێدەنگ نەبێت، ئەم هەڵوێسـتەش بووە هۆی دروسـتبوونی یەکڕیزی و هەماهەنگی نێوان ڕێکانییەکان و هەموویان پشـتگیری خۆیان بۆ (تتۆ ئاغا) دەربڕی، ئەوە بوو هەڵسـا بە کوشتنی برایەکی (سۆتۆ ئاغا) کە بە زەبری هێز دەیویسـت دەست بەسـەر موڵك و سـامانی ڕێکانیەکاندا بگرێت، لەپەرچەکرداردا (سـۆتۆ ئاغا) هێرشـی کردە سـەر گوندی (ڕەزگە) و کۆشـکی (تتۆ ئاغا) ی گەمارۆدا، قایمەقامی ئامێدی کە هەواڵەکەی پێگەیشـت ئەفسـەرێك و بیسـت پۆلیسـی ڕەوانەی شـوێنی ڕووداوەکە کرد، بۆ ئەوەی بەهەر ڕێگەیەك بێت گەمارۆی سـەر تتۆ بشـکێنن، ئەفسـەری عوسـمانی دوو پێشـنیاری خستەپێش سـۆتۆ ئاغا یەکەمیان: ئەگەر دەسـتبەجێ کۆتای بێنێت بە گەمارۆکە ئەوا ڕاپۆرتێك بۆ والی موسـل بەرزدەکاتەوە تیایدا ڕووداوەکە بە ئاسـایی

وەسـف دەكات. دووەمیان، ئەگەر ئەمە نەكات، ئەوا ڕاپۆرت دەداتە ویلایەتی وان و موسـڵ بۆ ئەوەی ڕێكارێكی توندی لەدژ بگرنە بەر و لەشـــكرێك بنێرنە ســـەری، لە كۆتایدا ســـۆتۆ ئاغا ڕێگەی یەكەمی هەڵبژارد، لەبەر ئەوەی دەیزانی لایەنگرانی توانایان نییە شـەڕی هێزی حكومەت بكەن، چونكە شـەڕی حكومەت لە ئاسـتی شـەڕی هۆزێك یان تیرەیەك نییە، سـەبارەت بە تتۆ ئاغا، ئەوا ئەفسـەری حكومەت داوای لێكرد ماڵ و خێزان و خزمەكانی بۆ ئامێدی بگوازێتەوە و لەوێ ســـكالایەك بۆ بەرپرســـانی حكومەتی عوسمانی بەرزبكاتەوە و بەڵێنیشی پێدا ئەو ئامادە پشتگیری بكات، تتۆ ئاغا ڕازی بوو، لە بەرامبەر ئەم ناوبژیوانیە ئەفســـەرەكە، پارەیەكی زۆری لە هەردوو بەرەی ناكۆك وەرگرت، پاش ئەم ڕووداوە شـێخ محمد صـدیقی نەهری داوای لە قایمقامی ئامێدی كرد تتۆ ئاغا بۆ نەهری ڕەوان بكات بۆ ئەوەی بە هاوكاری والی (وان) لەگەڵ ســـۆتۆ ئاغا ئاشـــتیان بكاتەوە، تتۆ ئاغا چووە نەهری، لەوێ لەگەڵ شـــێخی نەهری ڕێككەوت و كۆشـــكی خۆی پێ فرۆشـــت بە پارەیەكی زۆر، شـــێخی نەهری كۆشـــكەكەی نۆژەنكردنەوە، سـۆتۆ ئاغا هەسـتی بە مەترسـی ئەو ڕێككەوتنە كرد، چونكە ڕێگای دۆســـكی و هۆرەمارییەكان بۆ موســـڵ بە ئاكرێ و ئامێدی تێپەڕدەبوو، بەو مانایەش ڕێكانییەكان دەیانتوانی گرفت بۆ دۆســـكیەكان دروســـت بكەن، بۆیە ســـۆتۆ ئاغا دۆسـكی و هۆرەمارییەكانی كۆكردەوە و مەترسـیەكەی بۆ ڕوونكردنەوە، پێشـنیاری بۆ كردن هێرش بكەنە ســـەر گوندی (ڕەزگە) ئەوانیش بە دروشـــی هەموومان بۆ فەرمانی ئاغا ئامادەین، ڕازیبوونی خۆیان دەربڕی، ئەوە بوو بە نۆسەد چەكدار هێرشیان كردە سەر گوندەكە و سێزدە پیاوی شێخی نەهری، كە پارێزگاریان لە تتۆ ئاغا و كۆشكەكە دەكرد كوژران، بەمەش بەربەرەكانێ كەوتە نێوان شـێخی نەهری و سـۆتۆ، بەڵام سـۆتۆ دەزیانی شـــەڕی شـــێخی پێناكرێت، بۆیە زوو پەشـــیمانی خۆی ڕاگەیاند و بە پەڵە خۆی گەیاندە نەهری، تاوەكو داوای لێخۆشـــبوون لە شـــێخ بكات، لەوێ بەڵێنی دا كەس و كاری كوژراوەكان بە هەزار و سێسەد لیرە قەرەبووبكاتەوە، بۆ كۆكردنەوەی ئەو پارەیە شێخی نەهری هەشت لە پیاوەكانی خۆی ناردە ناوچەكانی دۆسكی و ئۆرەمار، ئەوە بوو پیاوەكانی شێخ جگە لە بڕی دیاریكراو توانیان سێ هەزار لیرەی تر كۆبكەنەوە، سۆتۆ ئاغا دڵی لە دوژمنایەتی تتۆ ئاغا پاك نەبوویەوە، ئەم جارەیان پیلانێكی داڕشت، پێشنیاری بۆ تتۆ كرد لاپەڕەیەكی نوێ لە پەیوەندییەكانیان بكەنەوە و ئامادەشـــە كچێكی خۆی پێبدات، تتۆ بەم پێشنیارە ڕازی بوو، پیاوەكانی شێخی نەهری ناردنەوە، پاشان تتۆ و سـۆتۆ سـەردانی شـێخی بارزانیان كرد، دوای گرژبوونی پەیوەندی نێوان شـێخی بارزان و شـــێخی نەهری، ســـۆتۆ گەشـــتە ئەو باوەڕی كاتی پلانەكە هاتووە، بۆیە خۆی نەخۆش

خســت و ڕایگەیاند ئەو لەســەر مەرگە دەیەوێت هەموو خزم و کەســەکانی ببینێت بە تتۆی زاواشـــی، دوای گەیشــــتنی تتۆ پێی ڕاگەیاند ئەوە من دەمرم، دوای من هەموو تۆ دەبیە گەورە و کاروبارەکان دەکەونە ژێر دەسـتی تۆ، لەولاشـەوە فەرمانی بە پیاوەکانی کرد، تتۆ لە شــیرینی خەو بکوژن (نیکیتین، ٢٠٠٤، ل١٩٠ ــــــ ٢١٢) دوای ئەم ڕووداوە ڕێچکە و ئاڕاســـتەی ئەم ناکۆییە نازاندرێت چی بەســـەردا هاتووە، بەڵام لێکۆڵەرێك پێیوایە تا شەڕی یەکەمی جیهانی درێژەی کێشاوە (کەریم، ٢٠١٢، ل٢٤٤).

**٢. شەڕی نێوان بەرواریيەکان و تەیارییەکان.**

تەیارییەکان عەشیرەتێکی کوردی نەستوری ـــ نسطوری گەورەن و بەسەر دوو لقی ســەرەکی دابەش دەبەن ئەوانیش تەیاری خواروو (تيار السـفلى) و تەیاری ژوورو (تيار العليا) سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێ بوونیان، ئەوا بەشی (تيار السفلى) لە بەشی باشوری هەرێمی هەکاری دەژین، هەرچی (تيار الســفلى)یە، ئەوا لە دەســتە ڕاســتی زێی گەورە (الزاب الكبير) نیشـــتەجێن (بڕوانە: J. Wagner, 1856 P116 ؛ الدملوجی واخرون، ٢٠٠١، ص ٨٣ ـ ١٠١؛ السلطاني، ٢٠١٩, ص١٤٧٠ ـ ١٤٧١).

لێکۆڵەران و مێژوونووسـان تەیارییەکان بە هۆزێکی شـەڕانگێز و پاوانخواز و توند و تیژ ناودەبەن، بە جۆرێك هەمیشە مایەی مەترسی بوونە بۆ سەر هۆز و ناوچەکانی دەوروبەریان، تا ئەو ڕادەیەی دەوڵەتی عوسـمانی تیپێکی سـەربازی تەرخانکردبوو تاوەکو هەمیشە چاودێری سنوری ناوچەی تەیارییەکان بکات (بڕوانە: الدملوجي واخرون، ٢٠٠١، ص٧٥). تەیـارییەکـان نـاکۆکی و ململانێی زۆریـان لەگەڵ هۆز و میرنشـــینە کوردییەکانی تر هەبووە، گووتراوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ســـەدەی نۆزدەی زاینی (بڕوانە: خۆشابا، ٢٠٠٠، ص ١٠ ـــ ١١) کێشەی نێوان تەیارییەکان و بەرواريیەکان، کە بۆماوەی دوو ســـەدە بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا، ناوچەکە بە دەســـت ئاگری شـــەڕێکی سەخت و بەردەوام دەسوتا (الدملوجي واخرون، ٢٠٠١، ص٧٦) نووسـەری ئاشوری (خۆشـابا) بە پشـــتن بەســـتن بە بیرەوەرییەکانی باوکی، کە یەکێك بووە لە ســـەرکردەکانی تەیارییەکان و بەشـداری ژمارەیەك شـەڕی کردووە لەگەڵ هۆزە کوردەکان دەڵێ: میری بۆتـان و ئەمیر بەگی هەکـاری و زەینەل بەگی بەرواری دژی تەیـارییەکـان لە یەك بەرەدابوون، میر بەدرخـان و ئەمیر بەگی هەمـاری زەینەل بەگی بەرواریـان هـانـدەدا دەســتدرێژی بکاتە ســەر ناوچەی تەیارییەکان و باج و ســەرانەیان لێ وەربگرێت، بۆ ئەم مەبەســـتە زەینەل بەگ کۆمەڵێك کەســـی نارده ناو تەیارییەکان، بەڵام تەیارییەکان ڕووبەڕوویان بوونەوە و نێردراوەکانیان کوشـتن، هەر بەمە ڕازی نەبوون، بەڵکو هەوڵیاندا

زەبرێك لە زەینەل بەگ بدەن، کە ئەوکات لە قەلعەی ( ئاشوت ــ ئاشیتا ــ اشیتە) ئەوە بوو هێرشـــیان کردە ســـەر زەینەل بەگ، چەکدارەکانی بەرواری توانیان ڕووبەڕوویان ببینەوە زەینەل بەگ بپارێزن، ئەم ڕووداوانە بوونە هۆی دروست بوونی شەڕێکی سەخت و دوور و درێژ لە نێوان هەردوولادا و چەندین هەڵمەت و پەلاماریان کردە ســـەر یەکتر، ســـەرکردەکانی هۆزی (تیار السـفلی) لە گوندی (لێزان) کۆبوونەوە و بڕیاریاندا بە هەرجۆرێك بێت پێویســتە بەڕووی نەیارەکانیان بووەســتن، بۆ ئەم مەبەســتە بانگیان لە ئەندامانی هۆزەکە کرد و داوایان کرد، ئەوەی توانای هەلگرتنی چەکی هەیە پێویستە خۆی ئامادەبکات، ئەوکات ئەوانەی ئامادەی خۆیان دەربڕی بۆ شـــەڕکردن گەیشـــتنە نزیکەی دەهەزار کەس، بەســـەرکردایەتی (مالك بتۆ) (شـــماس ننو) و (مالك جولو) هێرشیان کردە زەینەل بەگ لە (ئاشیتە) و داوایان لێکرد خۆی بەدەستەوە بدات. (بڕوانە: خۆشابا: ٨ ـ ١٢).

ئەگەر لە ڕووداوەکـانی پەیوەســـت بە نـاکۆکی نێوان تەیـارییەکـان و بەرواریيەکان ورد بینەوە دەردەکەوێت، تەیارییەکان دوای لەناوچوونی میرنشـینی بادینان هەوڵیانداوە دســـەڵات و پێگەی خۆیان لەناوچەکە بەهێز بکەن، ئەم خەونەشـــیان لە ســـەدەی بیســـتەم زیاتر بوو، بە تایبەتی دوای هاتنی ئینگلیز بۆ ناوچەکە و پاڵپشـــتی کردنی ئاشـــوورییەکانی ناوچەکە. لە کۆتاییەکانی ســـەدەی نۆزدە، ناکۆکی ئەم دوو لایەنە قوڵتر بوویەوە، بەتایبەتی لەسـەر دیاریکردنی سـنور و لایەنی خاوەندارێتی کردنی گوندەکان، بەجۆرێك وایلێهاتبوو تەیارییەکان بەردەوام هێرشـی لەناکاو و کت و پڕیان دەکردە سـەر سـنوری بەرواریيەکان و پاش تالانکردن، گوندەکانیان وێران دەکردن، بۆ ڕۆژی دواتر میری بەرواریيەکـان هێزێکی گەورەی لە عەشـــیرەتەکـانی بـادینـان کۆدەکردەوە و بەڕۆژی ڕووناك هێرپشـــان دەکردە ســـەر تەیارییەکان و تۆڵەی خۆیان دەکردەوە (الدملوجی و اخرون، ٢٠٠١، ص٧٦ ـــ ٧٧) بێگومان ئەم ڕووداوانە دەبوونە هۆی تێکچوونی ڕەوشی ئەمنی و ئابووری و کۆمەلایەتی ناوچەکە.

سـاڵی (١٨٨٨) کێشـەی نێوان ئەم دوو بەرەیە هەڵگیرسـایەوە لەسـەر گوندێك بەناوی (دەشـــتان) کە گوندێکی کوردنیشـــن بوو، دانیشـــتوانەکەی باجیان دەدایە بەرواریيەکان، تەیارییەکانیش لەو ســـنورە چەند گوندێکیان هەبوو، بە بیانووی ئەوەی خەڵکی دەشـــتان لە باج و ســـەرانەی بەرواریيەکان بێزارن، ســـودیان لە فەرمانێکی حکومەتی عوسـمانی وەرگرت و لکاندییان بە ناوچەی تەیاری خواروو، لە هەمان سـاڵدا بەرواریيەکان بە هـاوکاری هێزێکی حکومەتی عوســـمانی ڕووبەڕووی تەیارییەکان بوونەوە، ئەمەش سیاسەتی دژبەیەکی عوسمانییەکان پیشان دەدات، لەلایەك کارئاسانی

بۆ تەیارییەکان کردووە، لەلایەکی تر هاوکاری بەرواریبەکانی کردووە. پاشان تەیارییەکان دەستیان لە دانانی میری بەرواریبەکان وەردا، بۆیە جارێك هێزێکی گەورەیان هێنایە سەر بەرواریبەکانیاندا بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان میرێك دابنێین، لە ئەنجامدا لە گوندی (دیریشکی) پێکداهەڵپژان و شەڕ دروست بوو، بەڵام تەیارییەکان شکستیان، ئەگەرچی دوای شەڕی دیرشکی بە هەوڵ و تێکۆشانی (شێخ بەهائەدین بامەڕنی) هەردوولا ئاشت بوونەوە، بەڵام لە ساڵی ۱۸۹۹ جارێکی شەڕ کەوتەوە نێوانیان، چونکە هەندێك لە میرەکانی بەرواری بەهۆی شەڕی نێوەخۆییان پەنایان بردە بەر تەیارییەکان لە گوندی (تەروانیش) بۆیە (محمد بەگی تەتەرخان بەگ) هێرشی کردە سەریان، بەڵام هێزێکی تری تەیاری بەهانای دانیشتوانی گوندەکە چوو، ئەوە بوو گەمارۆیەکان شکاند، ناکۆکی نێوان بنەماڵە و لایەنە جیاوازەکانی بەرواری لەسەر میرایەتی کردن، بووە هۆی کوژرانی (محمد بەگی تەتەرخان) ئەم ڕووداوەش کێشەی نێوان هەردوولای زیاتر کرد، چونکە میری نوێی بەرواری (حاشی ڕەشید بەگی تەتەرخان) پێی وابوو (مەلیك یوسف کوڕی مەلیك بتۆ)ی سەرکردەی تەیارییەکان دەستی لەو ڕووداوە هەبووە، بۆیە بڕیاریدا تۆڵە بکاتەوە، ئەوە بوو توانی لە ١٥ ـــ ٩ـــ ١٩٠٠ (مەلیك یوسف) بکوژێت. (خوشابا، ص ١٨ ـــ ٢٠) ئەم ڕووداوانە زنجیرەیەك پەلامار و هێرشی هەردوولای بۆ سەر یەك لێکەوتەوە، بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە، تەیارییەکان هێرشیان کردە سەر چەند گوندێکی بەرواری و ژمارەیەك کەسیان کوشت، لە بەرامبەردا (حاجی ڕەشید بەگی بەرواری) بە یارمەتی هۆزەکانی بادینان، چەندین جار پەلاماری تەیاریەکانیدا و یەکێك لە سەرکردەی ئاشورییەکانی بەناوی (ئیسماعیل) کوشت، چونکە پێشتر ئیسماعیل یەکێك لە خزمەکارەکانی (حاجی ڕەشید)ی کوشتبوو بەناوی (محمد دەشتانی) لە پەرچەکرداردا تەیارییەکان دەرفەتێکیان قۆستەوە و (سەعید بەگ)ی برای حاجی ڕەشید بەگی بەرواریان لە گوندی (هرور) کوشت، هەروەها کۆخێکیان بە هەزار سەر مەڕەوە سوتاند (الدملوجی واخرون، ٢٠٠١، ص٧٦) بۆیە لە ساڵی (١٩٠٥) بەرواریبەکان بە هاوکاری عەشیرەتەکانی (دۆسکی ـ مزوری ـ شەرەفان ـ بۆتان) بە چوار هەزار شەڕکەر پەلاماری تەیارەکانیدا، ژمارەیەکی بەرچاویان لێکوشتن و ماڵ و حاڵیان لێ تالانکردن، دەوڵەتی عوسمانی، کە پێشتر هیچ پەرۆشی بۆ وەستاندنی شەڕ پیشان نەدابوو، چونکە پێشتر هێزێکی لە کوردەکانی موسل نارده ناوچەکە، بۆ ناوبژیوانیکردن، بەڵام هێزە کوردیەکە پشتگیری خۆیان بۆ بەرواریبەکان دەربڕی، لەبەر ئەوەی پێیان وابوو ئینگلیز تەیارییەکان هاندەدات و هاوکاریان دەکات. لە ڕاستیدا دەسەڵاتی ئینگلیز بە وردی چاودێری ڕەوشی نەستورییەکانی کردووە، باڵوێز و

نوێنەرەكانی دەیان ڕاپۆرتیان بەرزكردۆتەوە، تیایاندا ئاماژەیان بەوە كردووە، كە میر و سەرۆك هۆزەكانی كورد بوونەتە مەترسی لەسەر نەستوورییەكانی نیشتەجێ لە هەكاری و ناوچەی بەرواری (بڕوانە: پاشكۆی ژمارە ٢). دوای ڕووداوەكانی ساڵی (١٩٠٥) دەوڵەتی عوسمانی بڕیاریدا نائارامی لە ناوچەكە كۆتای پێبێنێت و لایەنی ناكۆك ئاشت بكاتەوە، ئەم ئەركەش خرایە سەر والی عوسمانی لە ویلایەتی (وان)، ناوبراو لەگەڵ (راغب بەگ)ی موتەسەریفی (هەكاری) و (شێخ عبد الحمید پاشا)ی كەسایەتی دیاری هەكاری و (تەوفیق بەگ ـ پیرەمێرد) و (عەونی بەگ) ئامر لیوای جەندەرمە لە موسل و (نوری بەگ)ی قایمقامی ئامێدی و (شێخ بەهائەدینی بامەڕنی) و (صدیق دملوجی) هەردولای ناكۆكیان لە گوندی (دەشتان) كۆكردنەوە، بەڵام هەوڵەكە سەرینەگرت و پرۆسەی ئاشتی ڕانەگەیندرا، چونكە تەیارییەكان بە ئاشتی ڕازی نەبوون و داوای مافی خۆیان دەكرد، دیسان لە ساڵی ١٩٠٨ شەڕی هەردوولا دەستی پێكردەوە ڕەشید بەگی بەرواری پەلاماری گوندەكانی تەیارییەكانیدا (بڕوانە: خوشابا، ص ٨ ـــ ٢٦) ئەگەر وردبینەوە لە ڕێڕەوی ڕووداوەكان، دەبینین تا سەرەتای سەدەی بیستەم دەوڵەتی عوسمانی ئەوەندە لە خەمی چارەسەركردنی كێشەی نێوان بەرواری و تەیارییەكان نەبووە، بەڵام دوای ئەوەی لە سەرەتای سەدەی بیست ناكۆكی ئەم دوو لایەنە زیاتر پەرەی سەند، بەجۆرێك بووە مەترسی لەسەر ئاسایشی ناوچەكە، بۆیە دەوڵەتی عوسمانی دەستی بە هەوڵەكانی كرد، تا كێشەكە چارەسەر بكات، چونكە ڕەوشی نێوخۆیی دەوڵەتی عوسمانی و پاڵنەرە دەرەكییەكان ئەوەیان دەخواست.

**ئەنجامەكان:**

لە كۆتای ئەم توێژینەوەیە دەرئەنجامەكان بە چەند خاڵێك دەخەینەڕوو:

١. بەهۆی ستراتیژیەتی جیۆپۆلەتیكی باشووری كوردستان، عوسمانییەكان هەمیشە هەوڵیان داوە دەسەڵاتی خۆیان لەو سنورە جوگرافییە درێژەپێبدەن.
٢. ژمارەیەك عەشیرەتی گەورە و بەهێزی وەك هەمەوەند ـ جاف ـ زێبار ـ سورچی لە كوردستان بوونیان هەبووە، لە توانایان هەبووە گرفت بۆ دەسەڵاتی عوسمانی دروستبكەن، بۆیە دەوڵەتی عوسمانی هەمیشە هەوڵی داوە ڕێگا لە گەشەسەندن و فراوانبوونی سنوریان بگرێت، بۆ ئەمەش سیاسەتی پەرتكە و زاڵبە (فرق تسد)ی پەیرەو كردووە لە دژیان.
٣. دەسەڵاتدارانی عوسمانی لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون ناكۆكی و ململانێی نێوان هۆزە بچوكەكان پشتگوێ بخەن، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو زۆر جار دەسەڵاتیشیان

دەدایە ســـەرۆك و ئاغاكانی عەشـــیرەتە بچوكەكان و هاوكاریان دەكردن، تاكو توانای ئەنجامدانی ناكۆكیان هەبێت، ئەمەش بەو مەبەســـــتەی هاوپەیمانیەتی و یەكریزی نێوان هۆزە بچوكەكان دروست نەبێت، تاوەكو نەتوانن مەترسی لەسەر حكومەت دروست بكەن.

٤. دەســـتوەردانی دەوڵەتی عوســـمانی لە كێشـــەی ناوخۆیی عەشـــیرەتە كوردییەكانی باشـــوور، لەســـەر شـــوێنی نیشـــتەجێ بوونی هۆزەكە وەســـتابوو، بۆ نمونە ئەگەر ناكۆكییەكە لە ناوچەیەكی ســـەختی دوورە پەرێز بووایە، ئەوا بەلایەوە گرنگ نەبوو كێشـــەكان چارەســـەر بكات، بەڵام ئەگەر شـــەڕەكان لە ناوچەی ســـنوری بوونایە، ئەوا پەلەی دەكرد لە دەستوەردان و كێشەكەی یەكلادەكردەوە.

## لیستی سەرچاوەكان:

### - كتێبەكان:

یەكەم: بە زمانی كوردی:


- حەسەن، هیوا مەلا، مێژووی چەند هۆزێكی كورد، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٩.
- سۆن، مێجەر. ئی. ب. چەند سەرنجێك دەربارەی كوردستانی خواروو، و: نەجاتی عەبدوڵا، . بنكەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- عەبدوڵڵا، نەجاتی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهریّ لە بەڵگەنامەكانی فەرەنسیدا ١٨٧٩ . ١٨٨٢ز، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- عەلیاوەیی، عەبدوڵڵا، كوردســـتان لەســـەردەمی دەوڵەتی عوســـمانی لە ناوەڕاســـتی ســـەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەكەمی جیهانی (لێكۆڵینەویەكە لە بواری مێژوویی ســـیاســـی دا)، سەنتەری لێكۆڵێنەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- غەفور، عەبدوڵا، بارزانم چۆن دیت، چاپخانەی ئاپێك، ستۆكهۆلم، ١٩٩٥.
- فەتاح، كەریم بەگی جاف، تەئریخی جاف، بەبێ شوێنی چاپ، چ١، ١٩٩٥.
- كەریم، خالد مەحمود، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە كوردەكان لە كوردستانی باشوور ١٨٦٩ . ١٩١٤، ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران، سلێمانی، ٢٠١٢.
- لازاریف،ن. مێژووی كوردستان، و: وشیار عەبدوللا، چاپخانەی رۆژهەلات، چ١، ٢٠٠٨.
- نیكیتین، بازیل، بازل نیكیتن و كوردناســـــیی، و: نەجاتی عەبدوڵا، چاپخانەی شـــــڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- هێنینگ، باربارا. مامەڵەی ســـتراتیژییانەی هۆزی هەمەوەند لە قۆســـتنەوەی دەرفەتەكانی ململانێ ســـــنورییەكانی نێوان عوســـــمانی و ئێرانی، و: حەیدەر هەمەوەند، چاخانەی كوردستان، ٢٠١٦.

- ئۆزئۆغلۆ، هاکان، کەسایەتییە کوردەکان و دەوڵەتی عوسمانی، و: ئاران جەلال، ناوەندی غەزەلنووس، چ١، سلێمانی، ٢٠١٨.
- ئیزەدی، میهرداد، چەردەباســـێك لە بارەی کوردانەوە، و: ئەمین شـــوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- ئەمین، سەرتیپ حەمە، هەمەوەند لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، چ١، ٢٠٠٨.
- دووەم: بە زمانی عەرەبی:
- اســـرد, فريد، اصـول العقائد البارزانية, مركز كردســتان للدراســات الاســتراتيجية, السليمانية, ٢٠٠٨.
- البارزاني, أيوب بابو, بارزان و حركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦ ـــ ١٩١٤, ستۆكهۆلم، ٢٠١٨.
- خوشـــابا, يوســف, ملك, حقيقة الاحداث الاثورية المعاصـــرة, مطبعة الاديب البغدادية, ٢٠٠١.
- الدملوجي واخرون، عشائر كردستان، رابطة كاوا للثقافة الكردية، ط١، اربيل، ٢٠٠١.
- زكي، محمد أمين، تأريخ السليمانية، شركه النشر و الطباعة العراقية المحدودة، بغداد، ١٩٥١.
- ســـايكس، ماريك، القبائل الكردية في الإمبراطورية العثمانية، ت: خليل علي مراد، دار الزمان, ط١، دهوك، ٢٠٠٧.
- العزاوي, عباس, عشائر العراق (الكردية), مطبعة المعارف, بغداد, ١٩٤٧.
- علي، عثمان, دراســات في الحركة الكردية المعاصــرة, ١٨٣٣ ـــــ ١٩٤٦، دراســة تاريخية معاصرة، ط١، اربيل، ٢٠٠٣.
- علي، عثمان، الكورد في الوثائق البريطانية، ط١، مؤسـسـة الموكرياني للطباعة والنشـر، اربيل، ٢٠٠٨.
- مراد، خليل علي، مختارات من كتاب الموصل و كركوك في الوثائق العثمانية، بنكەی ژين، السليمانية، ٢٠٠٥.
- مراد، خليل علي، العراق في العهد العثماني الثاني ١٦٣٨ . ١٧٥٠, الرافيدين, بيروت, ٢٠١٨.

بە زمانی ئینگلیزی:

- Gökhan Çetinsaya, Ottoman Administration of Iraq, 1890–1908, Rout Ledge, Newyork, 2006 .
- Sykes, Mark, The Caliphs' last heritage : a short history of the Turkish Empire, London, 1915 .

**وتار و لێكۆڵینەوە.**

**بە زمانی عەرەبی**

- السلطاني، على طالب عبيد, العشائر النسطورية في كردستان نشأتها و علاقتها بالأكراد ١٨٥٠ ـــ ١٩١٤, مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية و الإنسانية, جامعة بابل, نيسان, ٢٠١٩, ع٤٣.


**بە زمانی ئینگلیزی:**

- J. Wagner,Travels in Persia, Georgia and Kurdistan, Vol.3, London, 1856.

**پاشكۆكان**

پاشكۆی ژمارە (١)


**نەخشەی دابەشبوونی هۆزەكانی باشووری كوردستان لە سەدەی نۆزدە و بیست**



**(العزاوي، ١٩٤٧، ص٢٧٨)**

پاشكۆی ژماره (٢)

راپۆرتی جی ای رانسوم له موسل بۆ باڵوێزی بەریتانیا له ئیستنبول سەبارەت به ڕەوشی تەیارییەكان


FO.195/228

الموصل، 1843/7/16

سعادة ستراتفورد كاننغ[1]

سفير حكومة جلالة ملك بريطانيا، اسطنبول

لي الشرف أن أعلم سعادتكم أن التقارير الواردة من كوردستان الوسطى تؤكد ما جاء في التقرير الثالث.... المتعلق بالأوضاع المضطربة في البلد.

وصل الدكتور جرانت الى هنا أمس من سوريا جالبا معه المعلومات التي تؤكد أنّ قوات بدرخان وقوات الأمير الهكاري قامتا بهجوم مشترك على النسطوريين المسيحيين في مقاطعة (بان) وسلبوا ونهبوا ممتلكاتهم كما قتلوا العديد منهم ومن ضمنهم حسب الروايات أثنان من أخوة مار شمعون وأخذوا احدى أخواته كأسيرة.

وحسب رواية الدكتور جرانت أن المسيحيين السوريين [النسطوريين- المترجم] يتوقعون كل يوم هجوماً عليهم في عقر دارهم، واذا وقع هذا الهجوم فأنه سيؤدى حتما الى ازالتهم عن بكرة ابيهم أو اخضاعهم بالكامل. تُنقل المؤن يوميا من ولاية الموصل الى قوات الباشا في ولاية برواري. ليس واضحا لحد الآن تحريك قوات الباشا، ولكن تسلمت معلومات تؤكد أن الجنود تركوا العمادية وأنهم الآن في المناطق الحدودية بين هذه الولاية [الموصل- المترجم] وولاية سوريا واتخذوا مواقع مسيطرة على الولاية الأخيرة. هناك اتصالات جارية بين بدرخان بيك وأمراء الكورد.....حتى أولئك الساكنين داخل الحدود الايرانية.

واستنادا الى تقرير ورد الينا أن الهدف من زيارة محمود خان الى بدرخان باشا هو الحصول على مساعدة الأخير ضد السلطات العثمانية في (وان).

لأجل تجنب التأخير قررت أن أكتب اليكم مباشرة في حالة وجود تقارير مهمة من قبيل هذا التقرير الذي نحن بصدده، وأكون شاكرا جدا لكم اذا أخبرتموني فيما اذا كنت أخالف أي قانون.

لي الشرف أن أكون

مع آيات التقدير الخادم المخلص جدا لسعادتكم

جي. أي. رانسوم

(علي، ٢٠٠٨، ص١١ . ١٢)

## موقف وسياسة العثمانيين تجاه المشاكل الداخليه للعشائر الكردية الجنوبيه مابين (١٨٦٠_١٩١٤)


**الملخص:**

حاول العثمانيين طوال فترة حكمهم لكردستان أضعاف سلطه العشائر الكورديه واخضاعهم للسلطه المركزيه فى اسطنبول.ومن اجل ذلك اتبعوا شتى الطرق. منها التدخل فى الصراع بين العشائر الكرديه وتاييد عشيره ضد أخرى وكان لذلك اثر كبير فى تاجيج نيران الفتنه بين تلك العشائر وبالتالي فإن ذلك ادت بشكل مباشر على انعدام الأمن فى المنطقه وادى الى تدهور الاقتصادي وافساد المجتمع فى المنطقة.

ان هذا البحث يلقى الضوء على دور الدولة العثمانية في تاجيج نيران الحرب بين العشائر الكردية وبالاخص جنوب كردستان بعنوان (موقف وسياسة العثمانيين تجاه

المشـــاكل الداخليه للعشـــائر الكردية الجنوبيه مابين (١٨٦٠_١٩١٤) يعرض هذا البحث اســـباب وجود صـــراع بين العشـــائر والتحقيق من هدف تدخل الدوله العثمانية في هذا الصراع وتأثيرها على الاوضاع السياسية والاقتصادية والاجتماعية جنوب كردستان.

الاضافة إلى المقدمة والخاتمة يتكون البحث من فصلين .الفصل الأول بعنوان (موقف الدوله العثمانية من مشـــاكل بين عشـــيرة لواء ســـليمانيه وكركوك) وتضـــمن ثلاثة مبحث ١- اهداف الدولة العثمانية في التدخل في النزاع الداخلي للقبائل الكردية. ٢ ـــــ الصـــراع بين زەنگەنه وهماوەند. ٣- صـــراع بين هماوەند و جاف. والمبحث الثانى يتضـــمن عناوين التاليه ١- صـــراع بين البرزنجيين والطالبانيين ٢- صـــراع بين هماوهند وســـادات البرزنجيين. والفصـــل الثاني بعنوان (ســـياســـة وموقف الدولة العثمانية من صـــراع ومشـــاكل الداخلية لمجموعة عشـــائر بادينان) ويتكون من مبحثين ١- صـــراع بين شـــيخ محمد بارزاني وعشائر المجاورة له. ٢ـــــ صراع بين الاتروشية وعشائر اخرى . والمبحث الثانى القى الضـــوء على المشـــاكل وصـــراع بين عشـــائر باديناني منهم. ١- معارك بين دوسكى و ريكانيين. ٢. معارك بين بروارييين و التياريون.

**الكلمات الدالة:** *الكورد، العشائر، العثمانيون، شمال كوردستان، الشخصيات.*

## The position and policy of the Ottomans towards the internal problems of the southern Kurdish clans between (1860-1914)

**Abstract:**

Throughout their rule of Kurdistan, the Ottomans tried to weaken the authority of the Kurdish clans and subject them to the central authority in Istanbul. To do this, they followed various methods. Among them is interfering in the conflict between the Kurdish clans and supporting one clan against another, and this had a great impact in fanning the fires of strife between those clans, and thus this directly led to insecurity in the region and led to economic deterioration and corruption of society in the region.

This research sheds light on the role of the Ottoman Empire in fanning the flames of war between the Kurdish clans, especially southern Kurdistan, with the title (The position and policy of the Ottomans towards the internal problems of the southern Kurdish clans between (1860-1914). This research presents the reasons for the existence of conflict between the clans and investigates the goal of the Ottoman Empire's intervention in this matter. The conflict and its impact on the political, economic and social conditions in southern Kurdistan

In addition to the introduction and conclusion, the research consists of two chapters. The first chapter is entitled (The Ottoman Empire's position on problems between the Suleimaniyah and Kirkuk Brigade clans) and includes three sections: 1- The objectives of the Ottoman Empire in intervening in the internal conflict of the Kurdish tribes. 2- The conflict between Zanjan and Hamawand. 3- A conflict between Hamavand and Jaff. The second section includes the following titles: 1- A struggle between the Barzanjis and the Taliban. 2 - A struggle between Hamawind and the Barzanjis' pillowcases. The second chapter is entitled (The policy and position of the Ottoman Empire regarding the conflict and internal problems of the Badinan clan group) and consists of two sections: 1- The conflict between Sheikh Muhammad Barzani and his neighboring clans. 2- A conflict between the Etruscans and other clans. The second section shed light on the problems and conflict between the Badinani clans. 1- Battles between Doski and Rikanians. 2- Battles between the Berwarians and the Tayrians

**keywords:** *Kurds, clans, Ottomans, North Kurdistan, personalities.*